د. مستەفا ڕەحیمی

# ئانارشیزم

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

ڕێباز مستەفا

سلێمانی ٢٠٠٢

- ناوی کتێب: ئانارشیزم
- بابەت: لێکۆڵینەوەی فیکری
- نووسینی: مستەفا رەحیمی
- وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا
- هەڵەچن: مهاباد رحیم فەرەج
- مۆنتاژ: سەیران عبدالرحمن
- ژمارەی سپاردن: (٣٨)ی ٢٠٠٢
- چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٢
- چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

## زنجیرەی "کتێبی گیرفان"

**زنجیرەیەکە تەرخانە بۆ بابەتی وەرگێڕراو لەم بوارانەدا:**

- **توێژینەوەی فیکری و فەلسەفی و زانستی.**
- **لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی.**
- **ناساندنی کەسێتی‌یە دیارەکانی جیهان.**
- **ناساندنی قوتابخانەو تەوژمە فیکری و ئەدەبیەکان.**
- **توێژینەوەی هونەری و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکان.**

**واش پەسەند ئەکرێ کە ژمارەی لاپەڕەکانی بابەتەکە لەم قەوارەیەی ئێستای زنجیرەکەدا لە نێوان ٨٠-١٢٠ لاپەڕەدا بێت.**

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ڕەنگــە بــە دڵنیاییــەوە بتوانــین بڵێــین کــە هیــچ قوتابخانەیــەکی فیکــری- جگــە لــە لیــبرالیزم- وەك ئانارشیزم لەئێراندا بەخراپی لێکنەدرابێتەوەو تۆمەتی نەدرابێتــە پــاڵ و بــێڕێزی پێنــەکرابێت. دەوڵەتــەکان و ئەنجومەنییــەکان ئــەو چەمکــەیان بــەهاومانای ئــاژاوەو پشێویی تەواو و شتی لەو جۆرە زانیــووەو هــەندێ لــە ئەندێشمەندانیش بوونەتە هاوڕاو هاودەنگ لەگەڵیاندا. ئەو دەستەواژەیە لەمارکسیزمیشدا هەمان ئەو مانایە لەخۆ دەگرێت. لەکاتێکدا کە ئانارشیزم هەر لەبنەڕەتەوە ڕەتکەرەوەی هــەموو چەشــنە "دەســەڵات"ێکــەو چونکــە زۆرێــك لــە نووســەران چ ئاشــنا لەگــەڵ سیاســەت و چ نائاشــنا، دژی دەســەڵاتن، لەلایــەن مارکسیســتەکانەوە بەلایەنگریی بێنەزمی و ئــاژاوە نــاودێرکراون؛ وەك چــۆن چــەند ســاڵێك بــەر لەئێســتا لــەئێراندا نامیلکەیــەکی

بەرباخـــەڵی بـــۆ ناســـاندنی (ئیبســـۆن)ی هونەرمـــەند بڵاوکرایـەوە لـەژێر نـاوی "ئیبسـۆنی ئـاژاوە خـواز"!، لەکاتێکدا کە ئەو هونەرمەندە تەنها دژی دەسەڵاتگەری دەوڵەتی بوو. بەشێك لە باری ئەو گوناهە لە ئەسـتۆی خـودی ئانارشیستەکانیشـە، چونکـە ئاگـاداریی ئـەو دووفاقیەی کارو رەفتاری خۆیان نین: لەلایەك خوازیاری "پیـادەکردنی نـەزمێکی نـویێ و عەقڵگەرایانـە لەسـەر بنـــەمای ئـــازادیو هاوبـــەندی"یـــن و لەلایـــەکیتر ستایشگەری "گەورەترین پێکهاتی بێنەزمیو بەرەڵڵایی، لـە بـەرزترین رادەی خۆیـدا، ئـەو دیـو قەڵـەمبازی هەیولاییانەی شۆڕشگێڕانە"ن[1].

هەڵبەتە ئەوە تێڕوانینی کەسانێکی وەك (پرۆدۆن)و (باکۆنین)ە کە بە پەیڕێژیی بناخەی فەلسەفیی ئانارشیزم هەستاون، دەنا زۆرێك لە شاعیران تەنها لەگـەڵ بوونـی هـەر چەشـنە دەسـەڵاتێکدا نـاکۆکنو بـەس. بـۆ نموونـە (تۆلستۆی) یەکێکـە لـە ئانارشیسـتەکان، بـەڵام هـەرگیز لەگەڵ پشێویو ئاشووبو شۆڕشدا نییە.

لەڕاستیدا ئانارشیستەکان زیادەڕەویی لە قەڵەمڕەوی ئازادیدا دەکەن، پرۆدۆنو باکۆنین جگە لەوە دان بەهیچ جۆرە سنووربەندێکیش لەسەر تواناکارییەکانی شۆڕش

نانێن و هەموو شێوەیەکی دەوڵەت بە بەدفەڕییێکی ڕەها دەزانن، کە ئەوە بۆچوونێکی زیادەڕۆیانەیە.

ریشە یۆنانییەکەی وشەی ئانارشیزم بەمانای "بێ حوکمڕان"دێت[٢] هەندێ لە رەخنەگران ئانارشیزمیان بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە کردووە:

سیستەمێکی ئەندێشەی کۆمەڵایەتییە کە ئامانجەکەی بریتییە لە هێنانەدی گۆڕانکارییە بنچینەییەکان لەپێکهاتەی کۆمەڵگە، بەتایبەت گۆڕینی حکومەتی دەسەڵاتگەرا بەیەکێك لە فۆرم و شێوەکانی هاوکاریی ناحکومەتی لەنێوان تاکە ئازادەکاندا. ئەوەش ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە هەموو فۆرمەکانی ئانارشیزم پێکەوە پەیوەست دەکات.[٣] گرفتەکە لێرەدایە کە هەندێ لەوانە ئەو "گۆڕانکارییە بنچینەییە" تەنها لە ئەنجامی کاری شۆڕشگێڕانەی وێرانگەر دەزانن، لەوەش زیاتر وێرانگەری بە "داهێنان" دەدەنە قەڵەم.[٤] دووەم شت، بە بۆچوونی ئەوانە پێکهێنان و هێنانە ئارای هەر چەشنە سیستەمێکی "هاوکاری"- تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی شتەکانیش- هەمان مانای حکومەت دەگەیەنێت. بەتایبەت ئەگەر تێبینی ئەوە بکەین کە لە ئایندەیەکی زۆر دوور، بوونی سوپا و پۆلیس و دادوەری بەهۆی پەرەسەندنی خێرای فەرهەنگ و رووناکبیری، بە دەزگا و

دامەزراوەی زیاد بزانرێن و هەڵبوەشێنرێنەوە، کەچی دیسانیش بەڕێوەبەرێیك بۆ ڕێکخستن و راییکردنی کاروباری فەرهەنگ و تەندروستی و شتی لەو بابەتە پێویستەو هەروەها ڕێکخراوێك پێویستە بۆ وەرگرتنی باج و خەراج و بە مەبەستی راییکردنی کاروبارەکانی کۆمەڵ، ئەمەش واتە "ڕێکخستنی کاروباری خەڵك"، کە هەر کاتێك قسە لەبارەی ڕێکخستنی کاروبارەکان هاتە نێوەوە، ئەو کارە لانی کەم، پێویستی بە سنووربەندی و "گوشار" هەیەو پیادەکردنی ئەو سنووربەندییەش واتە حوکمڕانیکردن بەسەر خەڵکدا.

لەوانەیە ئەوە هەر ئەو مانایە بداتە دەستەوە کە (ڤۆدکۆك) بە "پاشەکشە لە ڕێڕەوی هێڵە سادەگەردانییەکان" ناوی دەبات.[٥]

(هانری ئارڤۆن) کە کتێبێکی گرنگی لەبارەی ئەو قوتابخانەیە بە–قوتابخانەی ئانارشیزم– نووسیوە، دوو سەرچاوەو چاوگ بۆ ئەو قوتابخانەیە دیاریدەکات: قوتابخانەی ڕەسەنێتیی تاکی فەڕەنسی و ئایدیالیزمی ڕەهای ئەڵمانی.

بەپێی بیروباوەڕی قوتابخانەی رەسەنێتیی تاك، مرۆڤ مافێکی هەمیشەیی و لەجیابوونەوە نەهاتووی هەیە، کەگرنگترو لەپێشترە لەهەر ڕێکخراوێکی سیاسی.

بە بڕوای بنیاتنەرانی ئەو قوتابخانەیە، دوو غەریزەی جیا لەیەك لە ئادەمیزاددا هەن: غەریزەی خۆخوازی کە کارەکە بەرەو سوود پەرستی دەبات و غەریزەی کۆمەلآیەتی کە بریتییە لە هاوڕەگەزخوازی، بەلآم جۆری یەکەم واتە سوودخوازی بەسەر هاوڕەگەزخوازیدا زاڵ بووەو سەرەنجام وەك (هۆبز) دەڵێ، مرۆڤ بۆتە گورگی مرۆڤ (ئەو مەسەلەیە بەتەواوی روون ناکرێتەوە). دواجار مرۆڤ بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشەیە، هەڵدەستێ بەپێکهێنانی دەوڵەت. بەم پێیە، پەیامی دەوڵەت بریتییە لەدەستەبەرکردن و پاراستنی ئازادییەکانی تاك.

ئەو فەلسەفەیە بەتەواوی بنەماکانی دەوڵەت دەستنیشان ناکات. دەوڵەت ئەگەر هیچ بەربەستێکی نەبێت، لەنێوبەری ئازادییەکانی تاکە نەك پارێزەریان. بۆیە ئانارشیزم بۆ سەرەتای خۆی دەگەڕێتەوەو دوژمنایەتیی رەهای خۆی لە بەرامبەر دەوڵەت رادەگەیەنێت.

بەلآم ئایدیالیزمی ئەڵمانی کە کاریگەرییێکی زیاتری لەسەر ئانارشیزم هەیە، لەگەڵ هاتنی "هیگڵ"دا دەگاتە ترۆپکی خۆی. نێوەڕۆکی سەرەکیی ئەندێشەی (هیگڵ) بریتییە لەوەی کە جیهانی خودی، شتێك نییە جگە لە خوڵقێنەری "رۆح" یا "ئایدە"؛ خودو بابەت کە بە دوو

شتی لەیەك جیا حساب دەكرێن، سەرەنجام لە دەروونی "ئایدە"دا یەكدەگرن. ئەو ئایدە رەهایە چییە؟ شتێكە كە لە ئەنجامی "بەئاگابوونی پلە بەپلەی رۆحە (فانییەكان) دێتە دی".[7] بەڵام ئەو تێڕوانینە مایەی قبووڵی هەموو شیكەرەوەكانی فەلسەفەی هیگڵ نییە. ئەوان ئایدەی هیگڵ بە شتێكی مەزنتر لە مەزنێتیی رۆحە تاكە كەسییەكان دەزانن.

خودی هیگڵ لەنێوان ئەو مەزنێتییەو "ئەوەی هەیە" جۆرێك هاوسەنگی دێنێتە ئارا، بەڵام لەدوای مەرگی ئەودا ناكۆكی لەنێوان لایەنگرانی "بوونی شتێك لە خود"و "مەزنخوازیو بەرجەستەیی شتێك لە خود" دەست پێدەكات، كە بەقازانجی باڵی یەكەم تەواو دەبێت. ئەو ئایدە رەهایە، لای (فیورباخ) دەگۆڕێ بۆ رەهایی مرۆڤو لە فەلسەفەی (ماركس)یشدا بۆ رەهایی بوونی پرۆلیتاریا، بەڵام لە فەلسەفەی (شتیرنەر) وەك دەیبینین- ئەو رەهایی بوونە، دەگۆڕێ بۆ "من"ی رەسەنو "تاكانە"، دواتر لە فەلسەفەی (پرۆدۆن)و (باكۆنین)دا ئەو "منی تاكانە"یە لە دژی هەموو "لەخۆ نامۆ بوون"ەكاندا رادەوەستێ. لە ڕوانگەی ئەو قوتابخانەیە، گرنگترین فاكتەری "لەخۆ نامۆبوون"ەكان دەوڵەتە، كە ئانارشیزم ناكۆكو ناتەبایە لەگەڵیدا. "دەبێ

دژی هەر شتێك كە ببێتە كۆسپ لەبەردەم پێشكەوتن‌و گەشەی تاك، تێبكۆشین". ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی نێوان هەردوو قوتابخانەی ماركسیزم‌و ئانارشیزم بەچاكی نیشان دەدات. كامەیان بەرێگای راستدا دەڕوات؟ هیچ كامیان، بەڵام ئەوەندە هەیە كە "ئەو هێڵەی هیگڵ بە فیورباخ‌و دواتر بە شتیرنەرو ئینجا بە باكۆنین پەیوەست دەكات، نەشیاوتر نییە لەو هێڵەی كە هیگڵ بەماركسەوە پەیوەست دەكات. تەنانەت پێدەچێ كە لەڕووی وەفاداری بۆ (سیستەم) دەبێ ئانارشیزم بە لە پێشتر بزانین"[٨]

سەرەنجام هەم ماركسیزم‌و هەم ئانارشیزم لەژێر كارتێكردنی (مەسیحیەت) دان، كە دواتر ئەو خاڵە روون دەكەینەوە.

**ویلیام گۆدڤین**[٩]-W.Godvin، (١٧٥٦-١٨٣٦)

(گۆدڤین) ئەندیشە كۆمەڵایەتییەكەی خۆی لە سالی ١٧٨٣ دەست پیدەكات. بەم پییە ئەو هەم لەژێر كاریگەریی فراوانی فەلسەفەی سەدەی هەژدەهەم دایەو شوینگەو پایەییكی بەرز-و هەندیجار موبالەغە ئامیز- بۆ خۆی دادەنیت‌و هەم پەروەردەو پیگەیشتووی سەدەی نۆزدەهەمە، و بەچوونە ژیر كاریگەریی ئەو

جـۆش‌و خـــرۆش‌و حەماســـەتەی ئـــەو ســـەدەیە لـــە رووییکەوە لە ئانارشیستەکان نزیك دەبیتەوە. ئەو پینج ساڵ (کەشیش)بوو، دواتر هەستی بەپیویستیی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان کرد. ناسراوترین کتیبی ئەو بیرمەندە لـــەژیر نـــاوی "لیکۆلینەوەیـــەك لـــەبارەی دادگـــەریی سیاسی"یە. گۆدڤین لایەنگری "لیبرالیزمیکە کە لەسەر بنـــەمای پیوانـــە رەهاکـــانی عـــەقڵ" جیگـــیرە، بـــە لەبـەرچاوگرتنی ئـەوەی کـە بوونـی "هـەر دەولـەتیك، هەرچەند زۆریش باش بیت" بە "بەڵایەکی ئاشکرا" دەزانـێ. لەگـەڵ (مـالتۆس)دا ناکۆکـەو بـاوەری بـە "پیشـکەوتنی بیسـنووری مـرۆڤ" هەیـە. ویـرای باوەربوونی بە هۆشـگەرایی ئـادەمیزاد، ستایشـگەری رەهـای زانستیشـە، تـا ئـەو رادەیـەی کـە دەنووسـێ: "زانســـــت بــــۆی هەیـــــە رازی مانـــــەوەی هەمیشەیی بدۆزیتەوە"(١٠)

گۆدڤین وەك زۆریك لە ئەندیشمەندانی ئازادیخوازی دوای خـۆی، کۆمەلگـە بـە دیاردەیـەك دەزانـێ کـە "بەشیوەیەکی سروشتی گەشە دەکات‌و دەتوانێ تەواو ئازادو دوور لە کۆت‌و بەندی حکومەت هەنگاو بنیت". (١١) پیی وایە کە "حکومەت ئەو ئامیرە بیبەزەییە کە تاکە هۆکـاری هەمیشـەیی بەدکارییـەکانی ئـادەمیزادە،

هەموو چەشنە بەڵا و بەدفەرییەك لەخۆ دەگریت، بەهیچ شتێك چارەسەر ناكرێت مەگەر بە لەنێوبردن و تێكدانی تەواوی". [12] بەو دوو را دەربڕینەی، ڕێگە لەبەردەم ئانارشیزمی رەهای دواتر واڵا دەكات.

ئەو تا رادەیەك هەست بە بایەخ و گرنگیی پەروەردە و فێركردن دەكات و بە پەیرەویكردن لە (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) "خوێندنگەیەكی تایبەت" پێك دێنێت، هەڵبەتە بۆ هەمووان؛ چونكە بایەخێكی زۆر بۆ ئەخلاق دادەنێ، دەنووسێت:

"مەیل و ئارەزووە ئەخلاقی و تایبەتمەندییەكانی ئێمە پەیوەندیی و هاوبەستەیییكی گەلەك زۆر و بەڵكە تەواویان لەگەڵ پەروەردە و فێركردندا هەیە". [13]

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە، هەردوو بابەتی گرنگی ئەخلاق و فێركردن- لەنێو هەراو زەنای چەند ساڵی دواییدا بزر دەبن و بەداخەوە لە دیدی سۆسیالیستەكانیشدا تا ماوەیەكی درێژ بە نادیاری دەمێننەوە، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە خودی خۆیشی ئیدی پەیگیری بایەخ و گرنگیی فێركردن ناكات. بەڵام دیسان، جەخت لە هێزو كارایی ئەندیشە دەكات و بەدكاری بە دەرەنجامی پەروەردەی چەوت و نادروست دەزانێت. لەبەرامبەر "پەیمانی كۆمەڵایەتی"ی (ڕۆسۆ)دا

کۆمەلگەیەکی گەرەکە پشتبەستووبیت بە "یاسا ئەخلاقییەکان"و لەبەرئەوەی بە چوونی بۆ نیو پرسە کۆمەلایەتییەکان، یەکسەر مەزهەب دەخاتە لاوە، بۆیە ئەو ئەخلاقەی ئەو پیشنیازی دەکات لایەنی مەزهەبی تیانییەو پشتبەستووە بە "راستییە هەمیشەییەکان".

سەبارەت بەهەموار کردنی سامان پیی وایە کە:

"دەبیّ پارەی زیاد لەنیوان ئەوانەی کە نەدارو نیازمەندن دابەش بکریت". بەلام داخۆ ئەو کارە گرنگە لە ئەستۆی چ ریکخراویك دایە، ئەمەیان روون نییە. وەك باسکرا، گۆدڤین بایەخیکی زۆر بەمەسەلەی ئەخلاق دەدات و قسەیەکی بەرزی هەیە، کە بۆ ئەم سەردەمەی ئیمەش بایەخدارە:

گۆرانکارییە سیاسییەکان،ئەگەر سەرچاوە لە گۆرانکاریی دیدگا ئەخلاقییەکانەوە نەگرن، ناتەواو و بیبایەخ دەردەچن. (١٤)

لە کتیبی (دادگەریی سیاسی)یدا جەخت لەو خالە دەکاتەوە. بەپیی نووسینی (ڤۆد کۆك):

خۆشی و خۆشبەختیی رەگەزی مرۆڤ، پەسندترین و گرنگترین شتیکە کە بە بروای (گۆدڤین) دەبیّ لە زانستدا پەیگیری بکریت و لەنیو هەموو فۆرمەکانی

خۆشبەختیشدا، پایەو گرنگیەکی بەرزو تایبەت بۆ خۆشبەختیی مەعنەوی‌و ئەخلاقی دادەنیت.[١٥]

ئەو خالەش خالیکی گرنگە کە مرۆڤ دوو سەدە بێ ئاگا دەمینیتەوە لیی. ئەو پرسە لە فەلسەفەی کۆن‌و بەتایبەت لە رۆژهەلاتدا پیشینەی هەیە، بەلام لە ئەوروپادا ماوەیەك دوچاری فەرامۆشکردن دەبیتەوە.

(گۆدڤین) فەلسەفە کۆمەلایەتییەکەی خۆی لەسەر چوار بنەمادا جیگیر دەکات:

١-بۆ گۆرینی سروشتی تاکەکان، هەم دەبێ ژینگەی کۆمەلایەتی هەموارو چاك بکرێ‌و هەمیش زەهنی تاکەکان بیدارو وەئاگا بهینریتەوە؛

٢-ئەگەر لە ئادەمیزاد بگەریی، خۆی دەتوانێ هەلەو چەوتییەکانی خۆی بدۆزیتەوە، بەلام حکومەت ریگرە لەبەردەم ئەو کارە. حکومەتە کە خۆی دەخاتە بەر دەراوی سەرچاوەی هەلقولاوی ژیان‌و رەوت‌و تەوژمەکەی رادەگرێ‌و بەری پیدەگریت؛

٣-هاودەستییك لەنیوان دەولەت‌و خاوەندارانی سەرمایە هەیە دژی تاکە ئازادەکان (ئەو یەکیکە لە هەوەلین ئەو کەسانەی کە ئاماژە بەو پەیوەندییە دەدات).

٤-رەوشــتی سیاســیی مــرۆڤ هــەروەك رەوشــە ئەخلاقییەکەی رووی لە پیشکەوتنیکی پەرەگرتوودایە.

لــەنیو هــەموو پــەیرەوکارانی ریبــازی ئانارشــیزمو مارکســیزم لــەو ســەردەمەدا، (گۆدڤـین) نزیکــەی تاکــە بیرمەندیکــە کــە نیوانیکــی باشــی لەگــەڵ دیموکراســیدا هەیە، دەنووسیّ:

دیموکراسی، ئەو هۆشیارییە بۆ مرۆڤ دەگەرینیتەوە کە بەهای خۆی بزانیت. بە لە نیوبردنو رەتکردنەوەی دەسەلاّتگەریو زۆرداری، فیری دەکات کە گویّ تەنها لە یاســاو دەســتوورەکانی ئــەقڵ بگریــت. دلگــەرمیو بروایەکی وای پیدەبەخشیت کە وەك هاورەگەزیك مامەلە لەگەڵ ئەوانی دیدا بکاتو وای لیدەکات کە خەلك نەك دوژمنانی خۆی، بەلکو وەکو برایانیك کە شایستەی یارمەتیدانن، ببینیت.(١٦)

لــەم دەربرینــەی کەبــەدوای ئــەوەی ســەرەوەدا دیّ، (گۆدڤین) سەنگەر لە بەرامبەر (ئەفلاتوون)و (مارکس)ی دوای خۆی دەگریت. نە دابەشکردنی کەسەکان بەســەر زاناو نەزان راستەو نە بەسەر بۆرژواو پرۆلیتاریایش. مافی حوکمرانی نەهی زاناکانەو نەهی پرۆلیتارەکان:

چما کەســەکان بەسەر دوو چین دابەش بکەین کە یــەکیك لــەو دووانــە لــەجیاتی هــەمووان بیر بکاتــەوەو

هۆش و ئاوەز بەکاربینێ، و ئەوەی دیکەش پاساوکاری و ئەنجامگیرییەکانی باڵادەستەکان کویر کویرانە قبووڵ بکات؟ ئەو جیاوازییە، لەماهیەتی کاروبارەکاندا شوینی نییە.(۱۷)

بەڵام ئەو وتە دروستە، رێ لەوە ناگرێ کە داوەرییکی دروست لەبارەی حکومەتی دەولەمەندان ئەنجام بدریت:

"سامانی کەلەکە بوو" (= سامانی سەرمایەداری) دوژمنی بەهیزی چۆنایەتیی ژیانە. ئەو سیستەمە بە بەردەوامبوونی نابەرابەرانەی ئابوورییەکەی، هیزە فیکرییەکان پایەماڵ دەکات، تروسکەکانی داهینان خامۆش دەکات و کۆمەڵانی فراوانی خەلك دەخاتە نیو زەلکاوی سەرگەردانییە بیبەهاکانەوە.(۱۸)

ئەمەش قسەیەکە کە بایەخەکەی هیشتا پاریزراوە. ئەو بە برواو بێ خۆ دەرخستن، باوەریکی راشکاوانەی هەیەو ئەوە بە ئەرکە سەرەکییەکانی مرۆڤ دەزانێ، بەڵام لەو رییەدا ئەوەندە پیی لێ هەلدینێ کە دەلێ ئەگەر (قەناعەت)مان هەبیت، رۆژانە نیو سەعات کارکردن بەشی بەریوە چوون و دابین بوونی بژیویمان دەکات.

ئەو بەپیچەوانەی ئانارشیستەکانی دواتر، باوەری بە ریکخراوە هاریکارەکان نییە. وەك وتمان سەبارەت بە (عەقڵ) زۆر خۆشبینە، تا ئەو رادەیە خۆشبینە کە پیی

وایە پیشکەوتنی عەقڵ دەبیتە بەربەستی سەر ریی سوودخوازیو تەنانەت دەبیتە لەمپەری بەردەم ئارەزووە سیکسییەکانیش.[١٩]

دیارنییە داخۆ بەهۆی چ بێ چانسییکەوەیە کە بۆچوونو بیروباوەرەکانی ئەو بیرمەندە کار لە ناودارانی تری سەدەی نۆزدە ناکەن؛ تەنانەت (پرۆدۆن)و (باکۆنین) پیدەچێ تەنها هەر ناوەکەیان بیستبیتو بەس. ئەوانی تر هەتا ناویشی ناهینن، لەکاتیکدا قسەو دەربرینە حسابییەکانی ئەو سەبارەت بە ئەخلاق، دیموکراسیو بایەخی فیرکردن، هی فەرامۆشکردنو لەبیر چوون نین.

**ماکس شتیرنەر**-[٢٠] M. Stirner، (١٨٠٦-١٨٥٦)

(شتیرنەر) نیو سەدە دوای گۆدڤین دیتە دنیاوە. ئەو رۆژنامەوانیکی خەلکی ئەلمانیایە، کە لە سالی ١٨٤٥ کتیبیك لەژیر ناوی "تاکانەو داراییەکەی" دەنووسێ. لەو کتیبەدا سەرهەلدانی قوتابخانەیەك لەسەر بنەمای رەسەنیتیی تاكو هاوشان ئانارشیزم رادەگەیەنێ کە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئازادیی رەهایە. دەنووسێ: "هیچ شتیك گرنگترو لەپیشتر لەمن (= تاك) بوونی نییە من دژی هەموو جۆرە دەولەتیك، هەرچەندە دیموکراتیش بیت، جەنگی خۆم رادەگەیەنم"[٢١] و "دەبێ

خۆم له چەنگی هەرچییەك پیرۆزە قوتار بکەم" و "ئیمە، لەژیانی خۆماندا سەروکارمان لەگەڵ دوو شتدا هەیە: دەولەتو من. ئەم دووانە دوژمنی یەکترن".

بەم شێوەیە، (شتیرنەر) لەسەردەمێکدا کە دژایەتیکردنی تاك دەستپێکراوە، ئەو لەلای خۆی حکومەتی رەهای تاك رادەگەیەنێ، راگەیاندنێك بەلیبراوییکی سەرسورهێنەرانەو بێسنوور:

"خوا، ویژدان، ئەرك، یاسا ئەمانە درۆگەلێکن کە مێشكو دڵیان تەژی کردووین سەبارەت بە نەوجەوانانەوە قسە دەکەن؟ بزانن کە گەورەترین دوژمنەکانیان بریتین لە کەشیشەکانو دایكو باوکان گەل واتە مەرگ، سڵاو بۆمن خۆشبەختیی میللەت، بەدبەختیی منە ئەگەر شتێك بۆ من دروستە، ئەوە بەراستی دروستە. رەنگە لە روانگەی ئەوانی دی دروست نەبێت، ئەمە کێشەی ئەوانە، نەك هی من، بلێ با داکۆکی لە خۆیان بکەن." (٢٢)

وەك دەبینین موبالەغە هیچ بوارێك بۆ بەلگەی لۆژیکی ناهێلێتەوە. جگە لەمانەش، دیارنییە داخوا بۆچی خۆشبەختیی ئەوانی تر مانای بەدبەختیی "من"ە. نووسەری ژیاننامەی ئەو دەنووسێت کە ئەو "ئانارشیستێك بوو، تامەزرۆی ئاگرو خوێن"، بەڵام

ئامـاژه بـه ناهــهمواری دهروونیــی ناكـات.[٢٣] ماوهیــهك هاموشۆی لهگهڵ ماركس هـهبوو و ستایشـگهری تاكیش بوو. دهنووسیت: "لهو بوونهوهره تاكانهیه (="من")یـهدا باشــتر وردبیینــهوه. ململانــێ لهگــهڵ دهولــهت بــههۆی دهســهڵاتهكهم، ململانــێ لهگــهڵ كۆمهلگــه بهدهســتی بازرگانییهكـهمو ململانیـش لهگـهڵ ئومــانیزم بهدهســتی چیژو حهزی شهخسیمهوه". [٢٤]

تاكــه قســهیهك كــه هــهیبێ ســهبارهت بهپرســه كۆمهڵایهتییــهكان ئهوهیــه: "دهبــێ ئهنجومهنــه ناسوودبهرهكان جیی كۆمپانیا سوودبهرهكان بگرنـهوه، ئهمه تاكه چارهسهریكه چونكه كۆمپانیای سوودبهر تۆ وهك كهرهسه بهكاردهبات، له كاتیكدا كه تۆ ئهنجومهنه ناسوودبهرهكان بهكاردینیت". [٢٥] بهڵام دیسان بۆ "من" دهگهریتهوه:

وتم: من، نه منیك لهتهك منهكانی تر، بهلكو منیكی سـهربهخۆ، منیكـی "تاكانـه"، منیــك كــه لــه هــهموو پیشـمهرجهكان بـه دووره.. و گرنگـتریش لـهوه: منیكـی خـود بونیـاد، و "ههمووشــتیك لــه دهرهوهی تــاك، هــهتا مرۆڤی گتیش رهتكراوهیه." [٢٦]

(ڤودکۆك) هیله سەرەکییەکانی ئەندیشەی شتیرنەر بە گیرانەوەی ئەم چەند دیرەی خوارەوە لە نووسینەکانی ئەو، روونتر دەکاتەوە:

ئیمە هەردووکمان، دەولەتو من، دوژمنی یەکترین. من کارم بە خۆشگوزەرانیی ئەو "کۆمەلگە مرۆییە" نییە، من هیچ شتیك ناکەمە قوربانی ئەو کۆمەلگەیە. تەنها گەرەکمە سوودی لی وەربگرم.. بەلام بۆ ئەوەی کە توانای سوود لیوەرگرتنی تەواوم لەو کۆمەلگەیە هەبیت، دەبێ بیگۆرم بۆ دارایی و دەستکردی خۆم، (ئاماژە بە کتیبە ناسراوەکەی: (تاکانەو داراییەکەی) واتە دەبێ لەنیوی ببەمو لە شوینی ئەودا یەکیتییکی خود بونیادی (دەستکردی خود) پیك بینم.[٢٧]

بەو قەلەمرەوەی کە لە دەوری (من)دا پیکی دینێ،و بەو رەچاو نەکردنو بە کەمگرتنەی کۆمەلگە، دیارنییە داخۆ ئەو یەکیتییە چۆنو بە چ هەلو مەرجیك پیك دەهینریت؟ ئەو گرفتە لە ئەندیشەی ئانارشیستەکانی تریشدا هەیە. هەمدیسان گیرانەوەی وتەیەکی تری ئەو، کە هاوبەشە لەگەڵ ئەندیشەی ناودارانی دیکەی ئەو قوتابخانەیە:

لە روانگەی حکومەتەوە پیویستە هیچ کەس ئیرادەی تاکە- کەسیانەی نەبیت. ئەگەر کەسیکیش ئیرادەیەکی

ئاوای هەبیت، حکومەت ناچارە ئەوکەسە بخاتە لاوە، ئابلوقەی بدات یان لەناوی ببات. ئەگەر هەمووان ئیرادەی تاکەکەسیانەیان هەبیت، ئەوا حکومەت لەناو دەبەن. بێ هەبوونی پەیوەندیی ئاغایەتیو نۆکەرایەتی بوونی حکومەت قابیلی ویناکردن نییە ئیرادەی خودی لە دەروونی مندا، ویرانکەری حکومەتە. بۆیە حکومەت رەنگی "خودی" بەسەردا دەکیشێ "ئاشتییکی پایەدار" لەنیوان حکومەتو مندا مەیسەر نییە. (٢٨)

(شتیرنەر) لەو هەموو بایەخەی پیشکەش بەتاکی دەکات، هیچ شتیك بەخۆی نابریت: لە تەمەنی پەنجا سالیدا لەنیو بەدبەختیدا گیان دەسپیرێ. بۆچوونەکانی شتیرنەر بە هەموو کەموکووریو لایەنە ناعەقلانییەکان، لە ئەندیشەی سیاسیی سەدەی نۆزدەهەمو سەدەی بیستەمدا کاریگەرییکی فراوان بەجیدیلن: هەموو ئانارشیستەکان دوژمنایەتییکی دوور لە لۆژیکیان لەگەڵ دەولەتدا هەیە. دوژمنایەتییك لە هەمبەر "هەموو شتیکی پیرۆز" دریژە دەکیشێو دابرانو رەهاگەرییك جیگیر دەبیت. دوژمنایەتی لەگەڵ دەولەت "هەرچەندە دیموکراتیك بیت" کۆمۆنیزمیش (نەك مارکسیزم) دەگریتەوە. بۆیە "کومینترن" ئەو کاتەی کە فاشیزم دوو هەنگاوی ماوە بگات بە سەرکەوتنی تەواوی خۆی، ئەو

به هەندی هەلناگرێو رادەگەیەنێ: "ئیمە کاتی خۆمان لەبارەی جیاوازیی فاشیزمو سۆسیال دیموکراسی بەهەدەر نادەین". سۆڤیەتی سەردەمی (ستالین) هەنگاویکیش لەوە زیاتر دەرواو: زیرە داواکراوەکانی ئیران ناداتەوە (موسەدیق)، بەلاّم دەیانداتەوە (زاهیدی)،و (حزبی تودە) موسەدیق بە "ئەو کەمتیارە پیرە"ی لەهەر کۆنەپەرستو نۆکەریکی ئەلقە لەگویی ئیمپریالیزم ترسناکتر، ناوی دەبات.

مارکس کۆمەلگەی ئایدیالی، بەبێ خیزان وینا دەکات.

ستالین "منی تاکانە" لە بوونی خۆیدا بەدی دەکاتو سەرمەستانە دەلێ: "ئیمەی کۆمەنیست لە سروشتیکی تایبەتین". "هەرشتیك کە بۆ کۆمەنیست دروستە، دەبێ بەلای ئەوانی تریش دروست بیت". هەرکەس لەگەلّ من نییە، دژی منە.

"منی تاکانەو داراییەکەی" (بەمانای کۆمەلگە لە خزمەتی تاکە کەس) لە کۆمەنیزم و (نە مارکسیزم)دا دەگۆرێ بۆ تاك لە خزمەتی دەولەت. بێ عەقلی بەو ئاسانییە دەست لەسەری ئادەمیزاد هەلناگریت.

**پییەر ژۆزیف پرۆدۆن** P.J.Proudhon[٢٩]، (١٨٠٩-١٨٦٥)

(پرۆدۆن) سێ ساڵ دوای (شتیرنەر)و پەنجاو سێ سالیش دوای (گۆدڤین) هاتۆتە دنیا، بەڵام نە دەکەویتە ژێر کاریگەریی ئەو نە هی ئەم. ئەویش ماوەیەکی زۆر شۆرشخوازە، بەڵام بەشیوازی خۆی: "شۆرشی کۆمەڵایەتی ئەگەر لە ریی شۆرشی سیاسییەوە ئەنجام بدریت، دەکەویتە نیو مەترسییکی جیددییەوە". بۆیە "بزاڤی سۆسیالیستی لەگەڵ نەبەردی کارگا دەست پیدەکات". ئەو ئومیدەوارە کە ئەو شۆرشە "توندوتیژانە: نەبیت، بەڵام روونکردنەوەیەك لەمەر چۆنیتیی شۆرشەکە ناداتە دەست. مەبەستی لە "پیکهینانی کۆمەلە پیشکەوتووەکان" رۆشن نییە.

لە دەوروبەری سالی ١٨٤٤ کۆریکی بیوینە لە پاریس لەنیوان پرۆدۆن و مارکس و هیرتسۆن پیك دیت: یەکیکیان عاشقی ئازادیو دادگەری، دووەمیان عاشقی دادگەریو شۆرشو سییەمیشیان شەیدای ئەدەبیات. زانیارییکی دروست لە وردەکارییەکانی بیرەوەریی ئەو کۆرە کەموینەیە لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەردەوامیی ریژەیی ئەو کۆرە، ئەو مانایە دەداتە دەست کە کۆریکی سوودمەند بووە. پرۆدۆن پیی وایە کە دەبێ مارکسو

هیگلییه چەپەکان بەهەند بزانرین. مارکسیش دەیەوێ ئەوانی تر بخاتە سەر ریگەی خۆیو لەوەش زیاتر باوەری بەهاوکاریکردنە لەگەڵ پرۆدۆنداو تەنانەت دوای دوورخستنەوەی بۆ بەلژیکا نامەیەك بۆ پرۆدۆن دەنووسێو داوای "راگۆرینەوە"ی لیدەکات. وەڵامەکەی پرۆدۆن کە لەهەموو کەس باشتر مارکسی ناسیووە- ناوبانگیکی جیهانی هەیەو زۆر لەوانەی گیراویانەتەوە بە وتەیەکی "پیغەمبەرانە" یان ناوبردووە. پرۆدۆن دەنووسێ کە ئەگەرچی بیروراکانی "لەکارکەوتوون" بەلام دەیەوێ "شیوازە رەخنەییو گومانئامیزانە"ی ئەندیشەو بیرکردنەوەکەی پاریزراوبیت و (ئەوەش خالیکی گرنگە). دواجار دەگاتە ناخی مەبەستەکەی:

ئەگەر تۆ دەتەویت، من حەزم لییە هاوکاریی یەکتربکەین. من لە قووڵایی دلمەوە، ئەندیشەی تۆ لەمەر رۆشنبوونی بیروباوەرمان پەسند دەکەم. دەبا لە بارەی نەفەسدریژیی هۆشمەندانەو ئایندەبینیمان ببینە سەرمەشق بۆ هەموو جیهان. بەلام، بۆ خاتری خوا با ریگە نەدەین لەوەی کە خۆمان سەرکیشو ریبەری بزاڤیکین، ریبەرانی بەهەلپەو نەفەسکورتی دیکە دروست بکەین. ریگە نەدەین لە خۆمان پیشەوایانی مەزهەبیکی تازە دروست بکەین، تەنانەت ئەگەر ئەو مەزهەبە،

مەزهەبیکی لۆژیکیش بیت، یانی مەزهەبی عەقڵ. با لە دەوری یەکتر کۆببینەوەو بوار بدەینە هەموو نارەزایەتییەکان. با هەموو پاوانخوازییەکان‌و هەموو پیلانکارییە ژیر بەژیرەکان لەقاو بدەین، با هەرگیز پرسیار بەتەواو بوو تەماشا نەکەین، ئەوکاتەی گەیشتینە کۆتایی باس‌و دەمەتەقیکەمان دووبارە تیهەلچینەوە، ئەمجارە ئەگەر پیویست بکات بەگالتەو گەپ‌و تەنزەوە. بەو مەرجانەی باسکران من ئامادەم بەوپەری شادییەوە بیمە نیو ئەنجومەنەکەی ئیوەو گەر نە، هەرکەس لەمالی خۆی.(٣٠)

لەو سەدەیەدا لەنیو هەموو ئەو ئەندیشمەندانەی کە لایەنگریان لەخەلکی بیبەش دەکرد تەنها هەر ئەوە کە لە کۆمەلی بیبەشان سەری هەلداوە. بۆیە خویندنیکی سەرەتایی قوتابخانەیی نییەو بەتەواوی مانەوە ئەندیشمەندیکی خۆ فیرکەرە. رەنگە بەهۆی نەبوونی خویندەوارییکی ریکوپیک بیت کە بە تەواوی لە بیرو بۆچوونەکانی (گۆدڤین) بیئاگا دەمینیتەوە، چونکە ئەو کاتەی کە لە نۆ سالیدا پیویستە فیری ئینگلیزی ببیت، لەجیاتی ئەوە خەریکی لەوەراندنی گاگەلە. ئەو لەگەڵ هەر جۆرە سیستەمیك لە دنیای ئەندیشەدا ناکۆکیی خۆی نیشان دەدات. ئەوەندە باوەری بە ئازادی هەیە کە

تەنانەت لە "هاوبەندی"یش نیگەرانە. بەڵام دەیەوێ لەنیوان تاکگەرایی و ریبازی کۆمەڵایەتی هاوبەندییك بینیتە ئاراوەو ئەوەش مەسەلەیەکی پەسەندکراوە. وەلی دەبێ ئاگامان لەو راستییە هەبیت کە (پرۆدۆن) هەمیشە هەر لەسەر هەق نییە. جگە لەوەی کە ئەندیشمەندە، خاوەنی شیوازیکی هیند بەرزە لە پەخشان و دارشتندا کە دەبیتە مایەی پەسنی (بۆدلیر) و (فلۆبەر) و (هۆگۆ). لە هەموو شتیك زیاتر خولیای دادگەرییە. لەو بارەیەوە کتیبیك دەنووسێ سەبارەت بە خاوەنداریتی و دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە "خاوەنداریتی واتە دزی"؛ رستەیەك کە بەپیی قسەی رەخنەگریك، لە هەموو تەمەنی خۆیدا پییەوە پابەند دەمینیتەوە. بەڵام ئەو قسەیە هەموو راستییەکە دەرناخا، و سیمایەکی سۆزدارانەی هەیە. دەنووسیت: "خاوەنداران! داکۆکی لەخۆتان بکەن". بیگومان هۆگرییکی لەگەڵ کۆمەنیزمدا نییە، چونکە پیی وایە: "کۆمەنیزم دەستەوەستان و بیتوانایە لە دەرککردنی ئەوەی کە مرۆڤ گەرچی بوونەوەریکی کۆمەڵایەتی و خولیای یەکسانییە، بەڵام ئاشقی سەربەخۆی "تاکەکەسی" خۆشیەتی". لە بەدوادا چوونی ریشەی خاوەنداریتیدا خالیکی زۆر سەرنجراکیش دینیتەوە:

خاوەنداریتی لەراستیدا لە مەیل‌و ئارەزووی مرۆڤ بۆ دەرباز بوونی لە کۆت‌و بەندی کۆیلەیی کۆمەنیزم سەرچاوەی گرتووە کە شیوازیکی سەرەتاییانەی ریکخراوە. بەلام خاوەنداریتیش بەنۆرەی خۆی تا ئەوپەری سەرەرۆیی پیی لێ هەلدینێ‌و یەکسانی پیشیل دەکات‌و پشتیوانی لە دەسەلات گرتنە دەستی کەمینەیەکی دیاریکراو دەکات. بەواتایەکی تر، خاوەنداریتی دەبیتە مایەی دەسەلاتگەریتیی نادادگەرانە، ئەوەش ئیمە بەرەو دەسەلاتگەریتیی رەوا- ئەگەر شتیکی وابوونی هەبیت- دەبات.(٣١)

قسەیەکی عاقلانەو دۆزینەوەیەکی مەزنە: بۆ هەموارکردنی خاوەنداریتی دەبی خەمی سەقامگیرکردنی دەسەلاتی رەوا بخۆین. ماوەیەکی زۆر لە میژە کە(جۆن لۆك)ی ئینگلیزی‌و (رۆسۆ)و (مۆنتیسکۆ)ی فەرەنسی بۆ پیکهینانی وەها حکومەتیك تیدەکۆشن، بەلام (پرۆدۆن) ئەمانە نابینی، یا نایەوی بیانبینی، بە داخەوە ئەو نەگبەتییە یەخەگیری(مارکس) و هەموو سۆسیالیستە دەسەلاتخوازەکانیش دەبیتەوە. پرۆدۆن دەنووسی: "ئەگەر- دەسەلاتگەریتیی رەوا- بوونی هەبیت"، ئەسکەلیتی ئەو تەلارە رووبەرووی ئیمەیە. ئادەمیزاد هەمیشە هەموو شتیك نابینی، بەتایبەت ئاشقان.

پــرۆدۆن دوای ئــەو تانــەو تەشــەرانە، دەیــەوی مەســەلەیەك بخاتــە روو کــە بــۆ مــارکس مەســەلەیەکی بنچینەییەو بۆ پرۆدۆن خۆیشی هەلەیەکە، کە ماوەیەك تیایدا بەشدار بووە:

سەبارەت بە پیشنیازی ئیـوە، لەمـەر (کـاتو سـاتی هـەنگاونان) هـەندی خـال هـەن کـە دەبـی باسـیان بکـەم. رەنگە تۆ لەسەر ئەو بروایە بیت کـە لـە حـالی حـازردا ئـەنجامدانی هــەر چەشــنە ریفۆرمیــك بــەبی "گورزیکــی بەهیز" مەیسەر نەبیت، ئەوەی کە پیشتر بە شۆرش ناو دەبــرا بــەلام تــازەترین لیکۆلینــەوەکانی مــن، گەیاندوومیانەتە ئەو ئەنجامەی کـە دەسـت لـەو بروایـە هەلگرم، بروایەك کە خۆم ماوەیەکی زۆر بەشدارییم تییدا هەبووەو تیی دەگەم، بەلام بەوپـەری حـەزەوە باسـی لیوە دەکەم. من پیم وایە کـە ئیمـە بـۆ سـەرکەوتنی کارەکـەمان پیویسـتمان بـەو بروایــە نـابیت. کەواتــە نـابیت کـاری شۆرشگیرانە وەك ئامرازیك بۆ ریفۆرمە کۆمەلایەتییەکان بخەینــە روو، چونکــە ئــەو دەســتەواژەیە شــتیکی دروستکراو و ناواقیعی‌یـەو مانـا سـادەکەی بریتییـە لـە رووکردنە دەسـەلات و رۆیشـتن بـەرەو دیکتاتۆرییـەت و تاکرەوی..ئەمەش واتە دووفاقی(٣٢)

دواتــر پــرۆدۆن دەنووســی کــە چارەســەری کیشــەکە کاری شۆڕشگیرانە نا، بەلکو" هەنگاوی ئــابووری"یــە. ئاشکرایە کە مارکسیش دژی هەنگاوی ئابووری نەبووە، بەلام هەنگاوی شۆڕشگیرانەی بە مەرجی دەستپیکردنی شۆڕشی ئابووری زانیوە. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە پیشنیازی ئابووریی پرۆدۆن هیچ چەشنە کاریگەرییکی نەبووە، بــەلام خــالیکی تــری بەلگەنەویســت هەیــە: ئــەو نامەیە (نامەکەی پرۆدۆن بۆ مارکس)

پرۆژەیــەکی هەمەلایەنەیــە بــۆ گفتوگــۆ لــەبارەی " بەرگەگرتن"–و رەوایــی– سیاســی؛ لــە بارەی ئــەوەی کــە ئایــا ریبــازی مــارکس "مەزهــەب"ە یــان نــا؛ لــە بــارەی "بواردان بە نارەزایەتییەکان" واتــە گوی لــە یــەکترگرتن‌و دیــالۆگ؛ لــە بــارەی زیانــەکانی پــاوانخوازی؛ لــە بــارەی ئەوەی کە "هیچ پرسیاریك کۆتایی هاتوو نییە"؛و لەوانە هــەمووی گرنگــتریش باسـیکی بونیاتنەرانەیــە لــەبارەی ری‌و شوینی شۆڕش. (کاریك کە نەکەوتە واری پراکتیك تەنها دوای روودانی چەند شۆڕشیکی خویناوی نەبیت، ئەو کاتەی کە نە مارکس مابوو نە پرۆدۆن).

بەداخـــەوە مـــارکس، کـــە بیگومـــان بـــاش لـــەو ئاماژەکـــاری‌و تەشـــەرانەی پـــرۆدۆن "گەیشـــتووە"و پیویســـتبوونی ســـەرهەلدانی شۆڕشـــی لـــەوە بەلگـــە

نەویستتر زانیوە کە راویـژو مشـتومری لەسـەر بکـاتو پرۆدۆنی بە کەسیکی گونجاو نەزانیوە کە بیتە نیو پرسە ئابوورییەکانەوە، نەك هەر وەلامـی ئـەو نامـە میژوویـیـە ناداتـەوە، بـەلکو سـالیك دوای ئـەوەی پـرۆدۆن کتیبـی "فەلسـەفەی هـەژاری" دەنووسـێ، وەك رەتدانـەوەو وەلامیکـی نیگـەتیڤ کتیبیـك لـەژیر نـاوی "هـەژاریی فەلسەفە" دەنووسێ کە تەنها هەر ناوی کتیبەکە بەسە بـۆ تیگەیشـتن لـە نـاوەرۆکی مەبەسـتەکەی. زۆربـەی رەخنـەگرە بیلایەنـەکان ئـەو رەفتـارو هەلسـوکەوتەی مارکسـیان بـە رەفتـاریکی بیویژدانانـە لـە قەلـەمداوە، (ڤودکۆك) بە "ساختەکاری، ناراست، هەروەها رستەیەك جنیـوو توانجـی دەزانـێ کـە نیشـانەی دامـاویو دەستەوەسـتانی مارکسـە لـە دەرککردنـی رەسـەنیتیو دەستپیشخەرییو زیندویتیی ئەندیشەی پرۆدۆن".[٣٣]

بەهـەرحال "راگۆرینـەوە"و هاوکـاریی نیـوان ئانارشـیزمو کۆمۆنـیزم لـیرەدا کۆتـایی دیـت ( دووبـارە نابیتـەوە مەگـەر بـە رووداوی سەرسـورهینەرانەی بزاڤـی خویندکارانی فەرەنسا لەسالی ١٩٦٨).

پـرۆدۆن لـە لیکۆلینـەوەکانی خـۆی سـەبارەت بـە ئـابووریو سـەرمایەداری دەگاتـە خـالیکی زۆر گرنـگو دەنووسێ: "ناکۆکیی ئابووری لەنیو نـابریت" (چونکـە

پیدەچێ ئـەوکات زاراوەی کاپیتـالیزم- سـەرمایەداری- باو نەبووبێ بۆیە دەلێ "ناکۆکیی ئابووری") بەڵام رەنگە بکرێ ئەو ناکۆکیانـە بگەیـەنرین بـە ئاسـتیکی هـەموارو هاوسـەنگی لـەبارەوە". ئـەمرۆش بیرمــەندانی ئـابووری لـەوە زیاتر نـالین. بیگومـان پیشـنیازەکەی پـرۆدۆن کـە بەشیکی بریتییە لە "هاوکاری"، کاراییکی ئەوتۆی نییە. "هەلوەشـــاندنەوەی دەولـــەت" کـــاریکی نـــەکردەو نامومکینــەو "هـــەموارو هاوســـەنگکردنی ســـامان" پایەدارە.

دروشمیکی پـرۆدۆن کـە دەلـێ "رزگـاریی کریکـاران تەنها دەبێ بە دەستی خودی کریکاران ئەنجام بدریـت" وەك خۆی دەگوازریتەوە بۆ نووسینەکانی مارکس، بەڵام لینین ئەو دروشمە دەخاتە لاوە.

رەنگـە بشـێ ئەندیشـەکانی پـرۆدۆن بـەم شـیوەیەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

شۆرش بەرهەمیکی سروشتیی ستەمە، بەڵام کاریکی پەسند نییە. دەبێ میژوو لە قالبو سیمای کۆمەڵایـەتیی خۆیدا تەماشا بکریت. کۆمەلگە پیویستە ریکبخریتەوە.

ئامانجـە بنەرەتییـەکان، بریتییـە لـە دادگـەری کـە لـە بۆتـەی بەرابـەریدا نمایانو بەرجەسـتە دەبیـت. ئـامرازی گەیشتن بەو ئامانجە لە روانگەی ئابوورییەوە، خۆی لە

پیکهینانی سیستەمگەلیکدا دەبینێ کە لەسەر بنەمای کۆمەکە بەرامبەرەکان و نەهیشتنی سیستەمی سەرمایەداری بە دروستکردنی "بانکی ئالوگۆری" و "بانکی میللەت" جیگیرە کە لەو بانکانەدا ئەو سوودەی پەیوەستە بە پارەوە دەبێ نەهیلریت و هەلبگیریت (پرۆدۆن ئەوەی تاقیکردەوە و هەلبەتە شکەستی خوارد). "دەبێ خاوەنداریتی هەمووان بگریتەوە (خالیك کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە لە بەرچاوگرتنی جیهانی سییەم- دەبێ بایەخیکی گرنگی پیبدریت). پرۆدۆن لەو رییەدا دوژمنی (سەن سیمۆن) و (فوریە)یە و قسەکانی ئەو دووانە بە "گەورەترین دەبەنگکاریی سەدەی ئیمە" دەزانیت.

"یەکە بەرهەمهینە پیشەسازییە گەورەکان دەبێ بگۆردرین بۆ کۆری کریکارانیك کە ئازادانە لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە، کۆریك کە نە هاریکاریانەیە و نە بە شیوەی کارگەگەلی میللییە دەبێ هەردوو چینی بۆرژوا و پرۆلیتاریا لە بۆتەی چینی ناوەراست بتوینەوە " (٣٤)

بەداخەوە بۆ ئەو ریگەیە دوورە

لە دوا دواییەکانی تەمەنیدا دەست لە ئابووری هەلدەگرێ و روو دەکاتە سیاسەت و پرسە

کۆمەڵایەتییەکان. رووی مەبەستی لەسەر "حکومەتی فیدراڵ"ە. لەنیو دادگەریی مایەی پەرستنی ئەودا شتیکی مەزن هەیە. خالیك کە شایەنی باسە لەو بارەیەوە ئەوەیە، ئەو لەبەر ئەوەی پیی وایە کۆمەلگە بمانەویّ یان نا دەرگیری دژایەتی و ناکۆکیی هەمیشەییەو هەروەها لەو باوەرەشدایە کە دادگەری بەزۆری بەرقەرار ناکریت، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە دەبیّ لە کۆمەلگە لەنیوان توخمە ناکۆکەکاندا، پارسەنگیك بهینریتە دی کە شوینەواری زیانبەخشی هەر یەکیك لەو توخمە ناکۆکانە بەهۆی کاریگەریی توخمی بەرامبەر پووچەڵ بکریتەوە. ئەو پارسەنگ و هاوسەنگییە، جیی بونیادگەریی هیگلی دەگریتەوە و زۆرداری جیّ بۆ ئازادی چۆل دەکات. (٣٥)

گرنگیدان و رووکردنە دروستکردنی هاوسەنگی، لە سەردەمیکدا کە هەموو شتیك یا دەبوا بەوپەری (کەماڵ)ی خۆی بگەیشتبا یان نابوود ببا، نیشاندەری هیزی بیرکردنەوە و ئەندیشەیە. پرۆدۆن لەبارەی پیکەوە گونجاندنی تاکگەرایی و سۆسیالیزمیش وتەیەکی هەمیشە زیندووی هەیە:

رەسەنیتیی تاك، بناخەی یەکەمی مرۆڤایەتییە و رەسەنیتیی "کۆمەڵ"یش تەواوکەریەتی. هەندیك هەن

دەلین مرۆڤ بەهایەکی نییە جگە لەوەی کۆمەڵ پیی دەدات. ئەوانە دەیانەوێ تاك لە بۆتەی کۆمەڵدا بتویننەوە. ئەمە سیستەمی کۆمۆنیستییە: شکاندنی کەسیتیی ئادەمیزاد بەناوی لایەنگریکردن لەکۆمەڵ. ئەوە یانی زۆر دەستی، زۆر دەستییکی رەمز ئامیزو بیناو. ئەمە نەبوو بە کۆمەلگە. ئەگەر کەسیتیی ئادەمیزاد لە دەسەلاتو ئیمتیازەکانی دابمالدریت، کۆمەلگە بیبەش دەکریت لەو بنەمایەی کە زیندووی دەهیلیتەوە. (٣٦)

ئەمە قسەیەکی هۆشدارانەو بەرزە، بەلام گوییەك نییە بیبیسیت، کەرە. ئەو راستیەش جیی بایەخە کە رەخنە شتیکی ئاسانەو بونیاتنانیش کاریکی ئەستەم.

پرۆدۆن خرایە زیندان؛ ماوەیەك رووی کردە ئابووریی کرداریو لیی بێ ئومید بوو و سەرەنجام لەتەمەنی (٥٦) سالیدا، لەو پەری ماندویتی ( بەلکە نائومیدی)دا کۆچی دوایی کرد.

**میخائیل باکۆنین-(٣٧) M. Bakounine ( ١٨١٤-١٨٧٦ )**

"باکۆنین" کابرایەکی رووسەو بیگومان چەند تایبەتمەندییکی ئەو گەلەی لەخۆدا گرتووە: خەسلەتیکی توندو تیژانە کە هەولی پەرەپیدانی دەدات؛

نەجیبزادەیەو ئەفسەری سوپایە؛ سەر بەگۆبەندو پیلانگیرەو لەوەش سەیرتر ستایشگەری ویرانکارییە. بۆیە (ڤودکۆك) لە کتیبەکەی خۆیدا بەشیکی تایبەت بە ناساندنی ئەو لەژیر ناوونیشانی "جۆش‌و خرۆشی ویرانکاری" نووسیوە. لەراستیدا "باکۆنین" بیریاریکە، کە "قەلەمی نییە"و تەنانەت یەك کتیبی تەواویشی لەدوای خۆی بەجیٚ نەهیشتووە. تەنها هەر دەیتوانی وتار بنووسیت.

بەلاٚم تا دل بخوازیٚ دەمگەرم‌و قسە خۆش بوو و زۆر شەو تا بەیانی قسەی کردووە. زیاتر پیاوی کردارە تا تیۆری، بۆیە دەکشیتە نیو "نیو نەتەوەی یەکەم"؛ ئەو شوینەی کە خراپ لەگەلٚ مارکس تیکدەگیریٚ‌و بەهەولی پەیاپەی بەردەوامی دامەزرینەری کۆمۆنیزم‌و "پەروەندەسازییەکانی" (وەك ڤۆدکۆك دەلیٚ) لەو کۆمەلەیە دەردەکریت. ئەو خەسلەتە هاوبەشانەی کە ئەو دووانەی کیشاوەتە نیو ئەو کۆمەلەیە، بەم شیوەیەن:

هەردووکیان بەفراوانی ئاویان لەسەرچاوەی توندو سەرکەشی فەلسەفەی هیگلەوە نووسیووە، تا دوا تەمەنیان ئەو سەرمەستییەیان هەر لەگەلٚ بووە؛ هەردووکیان تاکرەوو لایەنگریی شۆرش بوون؛

هــەردووكیان بەهــەموو هەڵــەو كیماسییەكانیشــیانە بەوپــەری دلســۆزی خولیــای ئــازادكردنی ســتەمدیدەو هەژاران بوون. (٣٨)

بــەڵام لایەنــە جیاوازەكانیــان زیــاتربوون.. یەكــەم جیاوازیان، جیاوازیی ئاكاری بوو:

"باكۆنین" پیاویكی زۆر دووربین و خـاوەن دیدیكـی كـراوەو "مـاركس" پیـاویكی خودبـین، رقهـەلگرو بـە شـیوەیەك كـە بەرگـە ناگـیرێ دەیویسـت قسـەی خـۆی بسەپینیت، لەو دوو تایبەتمەندەی باكۆنین بیبەش بوو. باكۆنین ئاویتەیـەك بـوو لـە نەجیبزادەیـەك و كەسـیكی ئاسایی- كـە رەوشـت نـەرمی و شـیوازی ئاسـانگیرانەی وای لیكردبـوو كــە بەســەر هــەموو گرفــت و لەمپــەرە چینایەتییــەكاندا زاڵ بیــت-لــە كــاتیكدا مــاركس بۆرژوایــەكی ناپوختــە بــوو، یــانی بیتوانــا بــوو لــە بەرقەراركردنی تەماس و پەیوەندییكی رەسەنی شەخسی لەگەڵ ئۆلگۆو نموونە راستەقینەییە پرۆلیتارییەكان، كە ئەو ئومیدی بەوە هەبوو بیانهینیتە سەر ریبازی خۆی. بەدلنیاییـەوە دەتوانـین بلیـین "بـاكۆنین" وەك مرۆڤیـك زیاتر شایستەی ستایش بوو تا ماركس.

خالی سەرنجراكیشـی كەسـیتی و توانـای وردبینـی، هەمیشە بە بەراورد لەگەڵ ماركس، لەپیشتر بوو بەڵام

لــەبواری فــیربوون‌و توانــای فیکرییــەوە، مــارکس لــەو باڵادەستتر بوو. (٣٩).

بەڵام سەبارەت بە جیاوازیو ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی، کە نیشاندەری بنەما فیکرییەکانی هەردووکیانە:

"مارکس" دەسەڵاتگەرا بووو "باکۆنین" ئازادیخواز؛ مارکس لایــەنگری نــاوەندیتی بــووو بــاکۆنین لایــەنگری سیستەمی فیدرال؛ مارکس لایەنگری لەکاری سیاسیی کریکاران دەکردو بۆ جیگیرکردنی دەســەڵاتی دەولــەتی بەرنامەو نەخشــەی دەکیشــا؛ بــەڵام بــاکۆنین دژی کــاری سیاسی بوو و هەولی لەنیوبردنی دەولەتی دەدا؛ مارکس لایەنگری لە کاریك دەکرد کە ئەمرۆ ئیمە پیــی دەلیــن خۆمــالیکردنی ئامرازەکــانی بەرهەمــهینانو بــاکۆنین لایــەنگری چاودیریکردنی کریکــاران لەســەر کاروبــاری بەرهەمهینان بوو. (٤٠)

"چــاودیریکردنی کریکــاران لەســـەر بەرهـــەم" پیشــنیازیکی دیرینـــە کـــە ئـــەمرۆ وەك "چــاودیریی کۆمەلگــەی دیموکــرات لەســەر بەرهــەم" دیســان ســەری هەلداوەتەوە.

وەلی "بــاکۆنین" زۆر لــە مــارکس زیــاتر لایــەنگری پیلانگـــیریو گۆبـــەند بـــوو. بەریکـــەوت لەگـــەڵ هاونیشتمانییکی خۆی بەناوی "نیچاییف– Netchaieff"

ئاشنا دەبیت‌و دواتر دەبن بەدوو دۆستی یەکتر. ئەو "نیچاییف"ە، هیچ سنووریکی لەپیلان‌و ئاژاوەگیری نەدەناسی، تەنانەت هەر لەبەر ئەوەی لە لایەنگریکی خۆی بەد گومان بوو، خنکاند بووی نیچاییف نیهیلیستیکی تەواو عەیارو ویرانگەریکی پرجۆشتر بوو لە باکۆنین. لە جیهانبینی‌و (دۆکترین)ی ئەودا هەموو چەشنە پیاوکوژێ، دزی‌و ریگرییك بە شتیکی شیاوو رەوا دەزانرا. بەئاسانی دەتوانین نازناوی (درندەی تاوانکار) کە ئەو نووسەرانەی ژیانی ئەویان نووسیووە، لییان ناوە، قبوولْ بکەین. ئەویان لەگەلْ "حەشیش" کیشەکانی پەیرەوی "حەسەن سەبباح" بەراورد کردووە.

شوین پەنجەی ئەو کابرایە لەسەر باکۆنین زۆر بوو. لەمەر دۆستایەتی ئەو دووانە هەندێ شت گوتراوە، با بۆ دەرفەتیکی تر بمینێ، نیچاییف لەپیگەیاندنی ئەندیشەی لینینیشدا دەستی هەبووە، کە من لە کتیبی (مارکس‌و سیبەرەکانی)دا باسم لیوە کردووە.

لایەنیکی تری هاوبەش لەنیوان مارکس‌و باکۆنیندا هەبوو. ئەودووانە هیچ کامیان (عەقلی بژیوی)یان نەبوو، یا چاکترە بلیین وا ئاویتەی عەشقی کارەکەیان بووبوون کە جییەك بۆ "نان پەیداکردن" نەمابووەوە. ئەگەر

(ئینگلس)ی خاوەن پارە نەبوایە، مارکس تەنانەت توانای نووسینیشی نەدەبوو.

(چەندین جار لەدەست سەرما و سۆلەی لەندەن کە ریگر بوو لە بەردەم کارکردنیدا، دەینالاند). باکۆنینی سەربەگۆبەند بۆ تیرکردنی "ورگی زل"ی خۆی دەستی بۆ هەرکاریك دەبرد، کە ئەوەی لە هەمووان زیاتر مایەی پیکەنینە ئەوە بوو لەگەل دەزگایەکی بلاوکردنەوەی رووسیدا پرۆتۆکۆلیك بۆ وەرگیرانی کتیبی (سەرمایە)ی مارکس، دەبەستیٚ! بەلام بەپیی نووسینی هەندیٚ لەو نووسەرانەی کە ژیانو بەسەرهاتەکانی ئەویان نووسیوەتەوە لەبەر "شیوازی سەختی نووسینی کتیبەکە" لەو کارەی پەشیمان دەبیتەوە (هەندیك کەسی تریش شیوە پەخشانییەکەی ئەو کتیبەیان وەك شیوەیەکی "ئەدەبیانە" بە بەرز نرخاندووە). پەنا بۆ نیچاییف دەبا کە بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو پرۆتۆکۆلە تەگبیریکی بۆ بکات.. بەلام نیچاییف کە پارەیەکی زۆری لە دۆستو ئاشناکانی خۆی قاپاندووە، بەجانتایەکی پر بەلگەنامە کە لە باکۆنینی دزیوە، رایکردو بۆی دەرچوو.

باکۆنین یەك تەمەن لە پیاهەلدانو ستایشکردنی پرۆلیتاریاو شۆرش وتاری نووسی، بەلام چونکە لە ئاخیری تەمەنیدا بۆی دەرکەوت کە پرۆلیتاریا شۆرشگیر

نییــــه، دوچـــاری نـــائومیدییکی ســـــەخت بـــووەوەو لەبەرئـــەوەی بـــاوەری بـــە شـــتیکی تـــر نـــەبوو، لـــە نیهیلیزمییکی تالدا گیانی سپارد.

بەڵام ویرای ئەوەش، دووفاقییکی ئاشکرا لە ئاکارو ئەندیشەی باکۆنیندا هەیە. ئەوە بەو مانایە دیت کە لە هـزری ئەو "ئاژاوەگیر"ە سەربزیو و رووداو خولقینـەدا، ستایشکردنیکی گـەرم لـە ئـازادی بـەدی دەکریـت، کـە بەشـیکی لەگـــەڵ کورتەیـــەکی تـــری گوفتارەکـــانیدا، دینینەوە:

### لەستایشکردنی شۆرشدا

هەولدانی ئادەمیزاد بەم شیوەیە: بیپایان، بیسنوورو لەهەر روویکەوە فەراهەمە بۆ تیرکردنی لەخۆباییترینو خۆپەرستترین ناخ و هەستو نەستیک. (٤١)

لە هەولو بەدوادا چوونـی شتە نامومکینەکانـە کـە مـرۆڤ هەمیشـە توانیویـە بگـات بـە شـتە شـیاوو مومکینەکان. ئەو کەسانەی کە بە شیوەیەکی عاقڵانـە کاروهەنگاوی خۆیان بەو شتانەی کە مومکینو شیاون تایبـەت کـردووە، هـەرگیز تەنانـەت یـەك هـەنگاویش نەچوونەتە پیش. (٤٢)

هـەموو بنـەماکانی بیـداری ویـران بکـەن. بەرابـەریی ئـابووریو کۆمەڵایـەتی پیکـەوە فەراهـەم بکـەن. تەنـها

بەپیی ئەو تیزەیە کە ئازادی، ئەخلاق و مرۆڤایەتیی سەرچاوەگرتوو لە هاوبەستەیی، سەردەردینێ و پەرە دەستینێ. [٤٣]

ئەخلاقی کۆن مردووەو زیندوو نابیتەوە، هینانە ئارای ئەخلاقیکی نوێ وەك پیویستییك هەستی پیدەکریت، بەڵام هینانە کایەی ئەو ئەخلاقە نوییە لەهەر روویيکەوە بیگری پەیوەستە بە بەرپابوونی شۆرشیکی کۆمەڵایەتی. [٤٤]

کاری دارشتنی بنەما تیۆرییەکانی شۆرشی کۆمەڵایەتی بە ئەوانیتر بسپیرن، و باخۆمان خەریکی پراکتیزە کردنی ئەو بنەمایانە بین بە شیوەیەکی بەربلاوانەتر، هەروەها با تیکەلی واقیعیەتەکانیان بکەین. [٤٥]

ئەمرۆ ئەوانەی چاویان هیچ نابینێ هەرچییەك دەلین بابیلین، ئیمە دەبێ ئەوە بلیین کە گەیشتووینەتە سەر ترۆپکی شۆرش. [٤٦]

دەبێ سواری شەپۆلەکانی ئۆقیانووسی شۆرش بین. [٤٧] شۆرشی فەرەنسا شتیکی مەزن بوو، بەڵام داواکەی نەشیاو بوو: بەرقەرارکردنی بەرابەری لە رژیمیکی بەدیهینەری نابەرابەری شۆرشی فەرەنسا

ئامرازی وەدەستهێنانی سێ دروشمەکەی خۆی یانی (ئازادی، بەرابەری، برایەتی) لەبیرکرد. (٤٨)

داد! لەو کاتەی کە شۆڕش پشت لە ئامانجی ڕزگاریی تاکەکانی مرۆڤ دەکات، بۆ ئەملاو ئەولا پێویستە ڕێز لە ژیانو ئازادیی تاکەکانی ئادەمیزاد بگیرێ. (٤٩)

زۆربەی هەرە زۆری خەلك لەگەڵ خۆیاندا دووفاقیانە دەژیـنو دیلـی دەسـتی بـەوحاڵیبوونی بـەردەوامنو هەمیشە ئەو پرسە فەرامۆش دەکەن، مەگەر ڕووداوێکی گرنـگ لـە خـەویان هەسـتێنێو ناچاریـان بکـات کـە چاوێکیش لە خۆیانو دەوروبەری خۆیان بکەن. (٥٠)

داد! تەنانەت شۆڕشیش چونکە دەیەوێ بـەردەوامو پایەدار بێت، خیانەت لەگەڵ خەلکدا دەکات. هۆشـتان هەبێت.. ئاگاتان لەخۆتان بێت. (٥١)

## لەستایشکردنی ویرانکاریدا

پـرۆدۆن کەسـێکی خواپەرسـت نـەبوو، شـەیتانی دەپەرستو ئانارشیست بوو.. کەوابوو بژی پرۆدۆن. (٥٢)

هیـچ کـەس نابـێ خوازیـاری ویرانکـاریو تێکـدان بێـت مەگـەر ئـەوەی لانـی کـەم خـەونێكو خولیایـەکی دوور، دروست یان نادروستی لە نەزمو سیستەمی ڕەوشێك کە بە بروای ئەو دەبێ جێی ڕەوشی هەنووکەیی بگرێتەوە،

لەسەر دابیت.. تا ئەو خولیایە زیندووتر بیت، هیزی تیکدانەکەش بەهیزتر دەبیت. هەروا تا ئەو زیاتر لەراستی نزیکتر ببیتەوە، یا تا زیاتر لەگەڵ گەشەی پیویستی جیهانی کۆمەڵایەتی نویٚ هاوئاهەنگ بیت، دەرەنجامە کردارییەکانی ویرانکاریەکەشی دروستترو سوودمەندتر دەبن. ئامانجی باش، یەکەمین ئیلهامبەخشی گیانی ویرانکارییە. (٥٣)

## لەستایشکردنی رق و کینەدا

یەکەمین گورزەکانتان بوەشینن. بىن بە سەرمەشق، سەرمەشق. نەك هەر دەبیٚ بویرو بەوەج بن، بەلکو دەبیٚ کینەیەکتان هەبیت، هەرگیز دانەمرکیت. ئەوسا دەبینن کە شۆرش لە شارو لادیٚ سەر هەلدەدات. (٥٥)

## لەستایشکردنی مانگرتندا

مانگرتنەکان کاریگەرییکی موگناتیسانەیان لە کۆمەڵانی خەلکدا هەیە. هیزی ئەخلاقیان دەبووژینیتەوە، هەستی دوژمنایەتی لەگەڵ بۆرژواکان دەوروژینیٚ و گیانی هاوپەیمانیی لەنیو هەموو کریکاران و هەموو پیشەوەران چیٚ دەکات.

مـــانگرتن ئـــارەزووو غـــەریزە سۆسیالیســـتییەکان و غـەریزە شۆرشـگێرییەکانی- کـە هـەر کریکاریك لـە نـاخ و دەروونـــی خۆیـــدا هەیـــەتی و بوونـــی کۆمەلایەتیانـــەو دەروونـــی ئـــەو پیـــك دینیـــت- لـــە کۆمـــەلانی خـــەلکدا دەجولینێ و بەئاگا دینیت. (٥٧)

## له ستایشکردنی ئازادیدا

بەرابەری (یەکسانی) تەنها لەگەڵ ئازادی و بەدەستی ئازادی نـەبیت، نایەتـەدی بەرابـەری بەبێ ئـازادی واتـە زۆرداریی دەولەت، دەولەتی زۆرداریش تەنانـەت بـۆ یـەك رۆژ چییـە بـەبێ بوونـی (یـا هینانـە کایـەی) لانـی کـەم چینیکـی چەوسـینەرو بالادەسـت، بـەردەوام و پایـەدار نـــابیت. گـــەورەی هـــەموومان پـــرۆدۆن، دەلـــێ کارەساتاویترین پیکهاتـەی شـیاو، بریتییـە لـە گریدانـی سۆسـیالیزم لەگـەڵ حکومـەتی رەهـا. ئەگـەر مـەیل و ئارەزووەکـانی کۆمـەلانی خـەلکت- کـە لەسـەر بنـەمای ئازادیی ئابووری و بەختەوەریی مادیدا جیگیرن- لەگەڵ حکومـــەتی زۆردارانـــەو لەگـــەڵ کۆکردنـــەوەی هـــەموو دەســـەلاتە سیاســـی و کۆمەلایەتییـــەکان لـــەژیر دەســـتی دەولـەت، پیکـەوە خستنە نیـو یـەك بازنـەوە، ئـەوە مانـای وایە کارەساتیکی بیوینە دروست دەکەیت.

هیوامـان وایـه کـه ئـاینده، لـه دەسـتی زۆرداری، بمانپـاریزی. هیوامـان وایـه کـه لەدەسـتی رووداوە کارەسـات ئـامیزو ترسـناکەکانی سۆسـیالیزمی دەسـەلاتخوازو خـاوەن "دۆکـترین"و هـەروەها بـەلای دەولەتمان رزگار بکات. (٥٨)

تەنها ئازادی یاسای ئازادیی دەنووسیت.

ئازادی ناتوانیّ و نابیّ داکۆکی لەخۆی بکات مەگەر بەدەستی ئازادی و بەچەکی ئازادی نەبیت. ئەو قسەیەی کـه بـه بیـانووی پشـتیوانیکردن لـه ئـازادی، زەرەر بـه ئـازادی بگەیـەنین، مەترسـیدارەو بیماناشـه. چونکـه ئـەخلاق، جگـه لـه ئـازادی هیـچ سـەرچاوەیەکی تـرو بزوینـەریکی ترو ئامانجیکی ترو بابەتیکی تـری نییـه، هـەر سنووربەندییك کە بە مەبەستی پشـتیوانیکردن لـه ئەخلاق، بخریتە سەر ئازادی، هەمیشەو هەمیشە بەزیان بۆ سەر ئەخلاق دەشکیتەوە.

مارکسیسـتەکان بـه بروابوونیکـی بیمانـا بەدەولـەت، لەراستیدا دەلیـن کـه بـۆ ئـازادکردنی کۆمـەلانی خـەلك، سـەرەتا دەبیّ بیانخەیتـه نیـو کـۆت و بـەندەوە بـەلام هەرچەوسـاندنەوەیەکی کۆمـەلانی خـەلك، لـەو کـۆت و زنجیرانە بترازیّ شتیکی تریان پینابەخشیت. هـەر تەنها ئازادی ئافرینەری ئازادییەو بەس. (٥٩)

**رەخنە لە "دۆكترین- Doctrine"**

ئەو كەسەی كە بیەوێ ئەندیشەی رووت و دامالراو (ئینتیزاعی) بكاتە بنەمای كاری خۆی، هەرگیز ناتوانێ بگاتە ئاكام.. چونكە ریگەیەك نییە كە میتافیزیك بەژیانەوە پەیوەست بكات. ئەو دووانە، - یانی ژیان و میتافیزیكا-وا لیك دابراون كە یەكناگرنەوە ئەو كەسەی بیەوێ پشت بە بابەتیكی دامالراو ببەستیت بەسەر سەردا دەكەویت. ریی زیندوو ریی دامالراو نا، ریی عەقلانی و بەلگەدار، ریی زانستە. [٦٠]

"دۆكترین" ژیان دەكوژێ و جولەی بەردەوامبوونی كار لەناو دەبات. [٦١]

دووبارەی بكەمەوە: كاری پوختەو رەخنەكردنی بنەما تیۆرییەكانی شۆرش، كاری ئیمە نییە. ئەرك و كاری ئیمە بریتییە لە هەنگاونان، بریتییە لەپیكەوە بەستنەوەی كارو هەنگاو لەگەڵ واقیعیەتدا. [٦٢]

نیوەی راستی (حەقیقەت) لەجیهانی تیۆریدا نادروستەو لەجیهانی پراكتیكیشدا كارەسات ئامیزە. [٦٣]

## لەسەرزەنشتكردنی دەسەلاتدا

ئەمرۆ كۆمەلگەی مۆدیرن بە تەواوی پەی بەو راستیە بردووە كە گشت دەسەلاتیكی سیاسی، هەرچییەك بیت، لە هەر سەرچاوەیەكەوە بیت و هەرچەشنە روخسارو سیمایەكی هەبیت، مسۆگەر مەیلی بەلای پیادەكردنی ستەمكاریدایە. (٦٤)

جیی داخە كە لە نیو چینی كریكاردا هەندیّ كەس هەن نیوە ئەدیب، خۆ هەلكیش، خۆپەرست، پلەوپایە خواز كە بەراستی دەشیّ ئەوانە بە (كریكارانی بۆرژوا) ناوزەد بكرین. ئەوانە خوازیاری سەرۆكایەتین و دەسەلاتیان خۆش دەویت. (٦٥)

لە هەموو حكومەتە پارلمانییەكاندا، ئازادی كاتیك دەكەویتە واری كردارییەوە كە كۆنترۆلكردنی دەسەلات (لەلایەن خەلكەوە) واقیعیانە بیت. (٦٦)

## لە ستایشكردنی پرۆلیتاریاو كۆمەلانی خەلك

ئەمرۆ تەنها پرۆلیتاریا ئامانجیكی پۆزەتیڤی هەیەو بەحەزو جۆشیكی تەواوەوە بەرەو ئەو ئامانجەی هەنگاو دەنیت. پرۆلیتاریا لەسەر باوەری خۆی پایەدارە، ئاسۆیەكی لەبەردەمدایە، ئەستیرەیەك دەبینیّ و خۆریك كە رووناكی پیدەبەخشیّ و بیروباوەرەكەی گەرم

رادەگریـت و بـەرروونی ئـەو رییـەی پینیشـان دەدات کـە دەبیّ پییدا بروات. ئەمە لە کاتیکدایە کە چینە "باشتر"و بەقسـەی خـۆی رۆشـنبینەکان، هـەر لـە هـەمان ئـەو سـەردەمەدا، لـەنیو تاریکـاییکی و دەردنـاک و ترسـناکدا پەلەقاژە دەکەن، ئیدی هیچ شتیك بەدی ناکەن، باوەریـان بەهیچ شتیك نییـە و هیچ ئامـانج و ئارەزوویکیـان نییـە هیچ شتیك لـەوە چاکتر نیشانی نادات کە ئەوانە دەبـیّ بمرن. ئایندە هی پرۆلیتاریایە. هـەمان ئـەو "نـەزان"انـەن کە ئەمرۆ باوەریان بە چارەنووسی مرۆڤایەتی و ئایندەی شارسـتانیتی هەیـە. لـەکاتیکدا کـە "شارسـتانەکان" رزگاری خۆیان تەنها لە "نەزانی"دا دەبینـن کریکـاران، لاویتیی مرۆڤایەتین. ئەوانە ئایندەیان لەگەڵ خۆیاندایە. پرۆلیتاریاکـان، ئـەو خەلکـە زەحمەتکیشـە، نوینـەری میژوویی دوایین کۆیلەی سەر رووی زەوین. رزگـاربوونی ئـەوان، رزگـاربوونی هـەموو خەلکـە. سـەرکەوتنی ئـەوان سەرکەوتنی یەکجارەکی رەگەزی مرۆڤە. (٦٧)

ئەو هەژارانە لەنیو شۆرشدا ئازایـەتییکی وا بەدەست دینـن کـە وایـان لیدەکـات بەختـەوەریی خۆیـان لـە بەرابەری و هاوبەندیدا ببیننەوە. (٦٨)

ئەوانە بیّ ئەوەی کە بزانن، سۆسیالیستن: لە هـەموان سۆسیالیستترن؛ سۆسیالیستترن لە هەموو سۆسیالیستە

بۆرژواکـان، لەهـەموویان. هـەژارەکان لـەبوونی خۆیــاندا سۆسیالیستن و ئەوان لە هزریاندا. (٦٩)

ئەگـەر ئـەو غـەریزە دەسـتە جەمعیــەی کۆمــەڵان لــە رەوتـی "شـۆرش"دا ئـاوا روون و قـووڵ و ئـاوا "لیبراوانـە" نەبوایە، سۆسیالیزمیك لە جیهاندا نـەدەبوو، هـەتا ئەگـەر هەلکەوتەترین کەسانیش لەو بوارەدا تیکۆشابوان. (٧٠)

ئیمە هەرگیز نامانـەوێ بۆچوونـەکانی خۆمـان بەسـەر خەلکدا بسەپینین. ئیمە پیمـان وایـە کـە کۆمـەڵانی خـەلك لــەبوونی خۆیــاندا، لــە غــەریزە کــەم تــا زۆر گەشــە کردووەکـانی خۆیـان لــەژیر رۆشــنایی میــژوودا، لــە ئیلتیزامـە رۆژانەییـەکانی خۆیـان و لـە حـەزو ئـارەزووە هۆشــیارو ناهۆشــیارانەکانی خۆیــاندا هــەموو توخــم و فاکتـەرەکانی ئۆرگانیزەکردنی ئاسـایی ئایندەیـان پییـە. ئیمـە ئـەو ئامانجـە لـەنیو دلـی خـودی خـەلکدا دەبینـین و پەیگیری دەکەین. (٧١)

سۆسیالیستیە شۆرشگیرەکان پییـان وایـە کـە عـەقلی کـــرداری و رۆح و هـــیز، لـــە ئـــارەزوو و مەیلـــە غەریزەییـــەکانی کۆمـــەڵانی خـــەلك و پیداویســـتییە راستەقینەکانی ئـەوان زۆر زیـاترە، تـا لـە هۆشــی قوولـی هـــەموو دکتـــۆرە بـــەریزو کەســـایەتییە پایـــە بلندەکانی مرۆڤ. (٧٢)

## ڕەخنە لە سۆسیالیزمی دەسەڵاتگەرا

ئەو تیروانینەی کە گروپێک لە مرۆڤەکان، با ئەو گروپە زیرەکترین و هۆشمەندترین و خێرخوازترینیش بێت، خاوەنی ئەو شایستەییە بێت کە خۆی بە بیرو ئیرادەی ڕێنوێنیکەری بزاڤی شۆرشگێریی جیهان و ڕێکخستنی ئابووریی پرۆلیتاریای هەموو وڵاتان بزانێت، هەر ئەو بۆچوون و تیروانینە لە بەرامبەر عەقڵی دروست و لە بەرامبەر لۆژیکی دروستدا کفریکەو پێچەوانەی ئەزموونی مێژووی مرۆڤەکانە؛ تا ئەو ڕادەیەی کە مرۆڤ بە واق ورماوییەوە لەخۆی دەپرسێ ئەرێ دەبێ چۆن کەسێکی وریا و هۆشیاری وەك مارکس ئەوەی گوتبێت، ئەوە چۆن دەشێ. "پاپا"کان لانی کەم ئەو بیانووەیان بەدەستەوە گرتبوو کە حەقیقەتی ڕەهایان لە سایەی لوتفی پەروەردگارەوە بەدەست هێناوە.

مارکس ئەو بیانووەشی بەدەستەوە نییە، من ئەو بیریزییە بۆ مارکس بە ڕەوا نابینم کە بڵێم مارکس بەخەیاڵی خۆی پێی وابێت لە ڕێی زانست و تاقیکردنەوە شتێکی نزیك لە حەقیقەتی ڕەهای داهێنابێت.

بەتـەواوی لـەو بروایـەدام کـە تەنانـەت فـەرمانرەوا خـاوەن تـاج‌و تەختــەکانیش نـەیانتوانیوە لـە میشــك‌و هـزری خۆیـاندا دەسـەڵاتداریتی بەسـەر هـەموو جیـهاندا وینـا بکـەن. بـەڵام سـەبارەت بـەو پیـاوە، بـەو دۆسـتەی پرۆلیتاریــا، ئــەو مرۆڤــە شۆرشــگیرە کــە بەوپــەری لیبراوییـەوە خوازیـاری رزگـاربوونی کۆمـەڵانی هــەژارە، کەچی بانگەشەی ئەوە دەکات کە خۆی بەریوەبـەریکی خـاوەن تـەدبیرو داوەرییـە بەسـەر هـەموو ئـەو بزاڤــە شۆرشگیریانە کە رەنگە لە وڵاتە جیاجیاکانی جیـهاندا سـەر هـەلبدەن؛ کەسـیك کـەچاوی لەوەیـە پرۆلیتاریـای هەموو وڵاتان گویرایەڵ‌و بەرفەرمانی تاکە بیریك بن ئەو بیرەش تایبەت‌و سەرمۆرکراو لەنیو میشکی خۆیدایە، چ بلیین؟ بە بروای من مارکس شۆرشگیریکی زۆر لیبراوە (ئەگەر هەمیشەش دلسۆز نەبیت)و بەراستی خوازیاری رابوونی کۆمەڵانە. ئیستا چـۆن دەشـێ کەسـیکی ئـاوا، بۆچوون‌و تیروانینی تایبەتی ئەوە بیت دیکتاتۆرییکی جیهانی چ تاکە کەسی‌و چ دەستەجەمعی جیگیر بکات؟ زۆرداریيك کە کارەکەی بەشیوەیەك دارشـتنی شۆرشـی جیهانی‌و بەریوەبردن‌و ریکخسـتنی رابوونـی کۆمـەڵانی خەلکە لە سەرجەم وڵاتـان، وەك چـۆن کەسـیك ئـامیریك قورمیش‌و ریکبخات. مەگەر مارکس نازانێ پیادەکردنی

ستەمکارییکی لەو شیوەیە خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ کپکردن و خنکاندنی شۆرش و سەراوژیرو فەلەجکردنی هەموو بزاڤە جەماوەرییەکان؟ کام کەس و کام گروپ با هۆش و داهینان و تواناشی مەزن و شایستە بیت، زاتی ئەوە دەکات بلیت ئەو تواناکاریە تەنها لە مندا هەیە کە ئەو هەموو مەیل و ئارەزوو و کاروکردەوە زۆر لیك جیاوازانە لەخۆمدا کۆبکەمەوە و هەموویان دەرك بکەم؟ بەلێ ئەو هەموو مەیل و رەفتارە زۆر لیك جیاوازانە لە هەر ولاتیك، هەر مەلبەندیك و هەر ناوچەیەك و لە هەر پیشەیەکدا؟ لە کاتیکدا کە بەواقیعی، چەند بنەماگەلی گرنگ و بنەرەتی و ئارەزوو گەلی مەزن و هاوبەش، کە لەوە بەدواوە لە هەست و ناخی کۆمەلاندا جیگیر دەبن، سەرجەمی ئەو هەموو بەرژەوەندییە جۆراوجۆرو بیپایان و ئەو هەموو مەیل و رەفتارە زۆر لیك جیاوازانە پیکەوە دەبەستنەوە. چۆن دەشێ پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کەتەنها هەر ئەو گروپەیە شۆرشی کۆمەلایەتیی ئایندە پیك دینێ؟

ئەی لەبارەی ئەو کۆنگرە نیو نەتەوەییە چی بلیین کە بە خولیای ئەو شۆرشە و بە بروای خۆی لەقازانجی شۆرش، حکومەتیکی خاوەن تەواوی دەسەلاتی ستەمکارانە، بەسەر پرۆلیتاریای هەموو ولاتانی

پیشکەوتوودا بسەپینێ؟ حکومەتیکی ئەنکیزاسیۆنیو کلیسایی، کلیساییەك کە فیدراسیۆنە ناوچەییەکان دابخاو هەموو گەلان لە مافەکانیان بیبەش بکات؟و هەموو ئەو شتانە بەپیی بنەمایەکی بەناو "رەسمی" ئەنجام بدات؟ شتیك کە دەقاو دەق بۆچوونو تیروانینی مارکسەو بەپیی بنەمای دروستکراوی دەنگی زۆرینەی دامەزراوە کریکاریو نیونەتەوەییەکان وەك راستییەکی رەها خراوەتە رووەوە. (٧٣)

لە دەولەتی "گەلیی" مارکسدا، کە زۆر ئالۆزە، دەولەت نەك هەر لەرووی یاساییو سیاسی، بەلکو لەرووی ئابووریشەوە حوکمرانی بەسەر خەلکدا دەکات، دەولەتو دادگەری (جەختکردنەوە هی دەقە ئەسلیەکەیە)و دابەشکردنی سامان دەخاتە ژیر دەستی خۆیەوە ئەو بۆچوونو جیهانبینییە دەولەت دەکاتە ئالتەرناتیڤی خوا.

## هەلو مەرجی بەرپا کردنی شۆرش

ئەو کارەی کە کۆمەلەی نیو نەتەوەیی کریکاری گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی شتیکی کەمترنییە لە پاکتاوکردنی سەرلەبەری جیهانی سیاسی، مەزهەبی، حقوقیو کۆمەلایەتی مەوجودو جیگیرکردنی جیهانیکی

ئــــابووريی فەلســــەفیو کۆمەڵایــــەتیی تــــازە. بــــەڵام بەرنامەیـەکی وا گـەورە زەحمەتـە بیتـەدی مەگـەر ئـەوەی دوو هێزی کارا، دووهـێزی گـەورەی لەبـەر دەسـتدا بیـت، دوو هـێز کە تەواوکـەری یـەکترن: یـەکێکیان بریتییـە لـە زیـادبوونو کەلەکـە بوونـی هەمیشـەیی پێداویسـتیو رەنجو داخوازییە ئابوورییـەکانی کۆمـەڵانی خـەڵك،و هـی دووەمیش بریتییە لە فەلسەفەیەکی کۆمەڵایـەتیی تـازە بەڵام هـەر تەنـها بێدەرەتـانیو نـائومێدی بـەس نییـە بـۆ هەڵگیرسـاندنی شۆرشـێکی کۆمەڵایـەتی. ئەوانـە رەنگـە سـەرهەڵدانی ناوچـەیی دروسـت بکـەن، بـەڵام بـۆ سەرهەڵدانو رابوونی کۆمەڵانی فراوانـی گـەل بـەس نین. بـۆ ئـەنجامدانی ئـەو مەسـەلەیە پێویسـتە تـەواوی گـەل ئامـانجێکی هاوبەشـی هــەبێت، لەگــەڵ بایــەخدانێکی گشـتیو هەمەلایەنـە لـە مافـەکانی، هـەروەها بروایـەکی پتەو، پڕ خرۆش –و ئەگەر بکرێ بڵێین– مەزهـەبی بـەو مافانـە هـەبێت ویـرای ئەمانـە، پێویستە کـە کۆمـەڵانی فراوانـی کرێکاران بروایـان بـە رزگـاریی ئاینـدەی خۆیـان هــەبێت. ئـەو بروادارییــە، کــاری بنچینــەیی خولیــاو ئامادەییـە ویژدانییـەکانو رۆحیـەتی دەسـتە جەمعییـە. سروشت بنچینـەی خولیـاو حـەزەکانی داوە بـە گـەلانی جیاجیا، بەڵام مێژوو هـۆی پـەرەپێدانو گەشـەکردنیانە.

ئامادەگییــە ناوکۆکییــەکانی پرۆلیتاریــا، هەمیشــە بەرهەمی دووشتن:

ســەرەتا رووداوەکــانی پیشــوو و ئــەم دواییانــەو بەتایبەت پیگەی ئابووریو کۆمەلأیەتیی هەنووکەی. (٧٥)

## ئازادیو بەرابەری.. پیکەوە

مــن لایــەنگری بــاوەری "بەرابــەریی ئــابووریو کۆمەلأیـەتی"م (جەختکردنـەوە لـە دەقـە ئەسـلییەکەیە)، چونکە دەزانم کـە بـەدەر لـەو بەرابەرییـە، دەسـتکەوتو بــەهرەی وەك ئــازادی، دادگــەری، شایســتەگییەکانی ئـادەمیزاد، ئـەخلاقو خۆشـبەختیی تاکـەکان، هــەروەها پیشکەوتنی گەلان، لـە درۆ بـەولاوە شـتیکیتر نـەبووە. بەلأم بە هەمان ئەندازەش لایەنگری "ئازادی"م ئازادی، ئــەو یەکــەمین مەرجــەی مرۆڤایــەتی-و پیــم وایــە کــە بەرابــەری لەجیـهاندا، دەبــێ لەلایــەن ریکخــراوی خــۆ هەلسـوورینەری کـارو خـاوەنداریتیی گشـتیی گروپــە بەرهەمهینــــەرەکان کــــە ئازادانــــە پیــــك هــــاتوون، دەســـتەبەربکریت، نــەك بــەهۆی کــاری بــەرفراوانو سەرپەرشتیکەرانەی دەولەت.

ئەمــە ئــەو شـتەیە کـە بــە شــیوەیەکی بنچینــەیی سۆسیالیســـتەکانو گشـــتگەرا شۆرشـــگیرەکان لـــە

کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازو پشتیوانەکانی کاری ڕەهـای دەوڵەت جیادەکاتەوە    ئیدی ئەو سۆسیالیزمە، توندو تیژانــە نییــەو هــەزار قــەد لــە ڕیچکــەو شــیوازی "ژاکۆبن"ەکان یانی شۆڕشی سیاسی، مرۆڤانەترە. (٧٦)

## ئەندیشەی پیری .

لە (نامە بۆ دۆست، سالیك بەر لە مردن) منیش وەك تۆ لەو باوەڕەدام کە سەردەمی شۆڕشکردن بەسەرچووە، ئەوەش بەهۆی ئەو هەموو کۆسپو ئاستەنگە زۆرو شکەستە جۆراو جۆرانەوە نییە، بەلکو هۆیەکەی ئەوەیە کە هیچ باوەڕو ئومیدو حەماسەتیکی شۆڕشگیرانە لە کۆمەڵانی خەلك بەدی ناکرێ، کاتیکیش کە ئەوان لە مەیدان نەبن، هەولدان چ سوودیکی هەیە   (لە وەڵامی نامەیەکی تر بە نیوەڕۆکیکی جیاواز لە نامەکەی یەکەم) بەڵام مـن، ئەی بـەڕیز، زۆر پـیر، زۆر نـەخۆش و زۆر ماندووم و دەبێ دانی پیدا بنیم کە لە زۆر ڕووەوە بۆم ڕوون بۆتەوە کە هیواو ئومیدەکانی پیشوو بیپایە بوونە. بۆیــە نــاتوانم لــەو جــۆرە کارانــە بەشــداری بکــەم بیچارە مرۆڤ!

کۆمەڵانی خەلك بێ ڕیکخراوو ڕیکخستنن، بەڵام چۆن بتوانـین ڕیکیـان بخـەین، لــە کــاتیکدا کــە ئــەوان

حەماسـەتیکی تـەواویان بـۆ دیـاریکردنی رزگـاربوونی خۆیان نییە، نازانن چ دەبێ داوابکەنو تەنها داوای ئەوە ناکەن کە دەبیتە هۆی رزگاربوونیان. (٧٧)

*　　*　　*

ئیسـتا دەتوانـین سـەبارەت بـە ئانارشـیزم باشـتر بریار بدەین:

ئـەو قوتابخانەیـە، کـە کـاری خـۆی لەسـەر بنـەمای تاکگـەرایی و "ئایدیـالیزم"ەوە دەسـت پیکـردووە، لـە ئەندیشەی گۆدڤیندا دەبیتە هاوتـەریبی هۆشگەرایی. لـە ئەندیشـەی ئـەو بیرمـەندەدا بـروا بوون بـە تاکگـەرایی زۆر رشتو موبالەغە ئامیز نییەو دەگاتە ئەوەی کە ستایشـی دیموکراسـی بکـات کـە تـا ئیسـتاش بایەخەکـەی هـەر ماوەتـەوە. بایـەخدانی ئـەو ئەندیشـمەندە بـە کاروبـاری ئەخلاقی زۆر گرنگو شایانی باسە، بەلام "ئایدیالیزم"ی گۆدڤین لە دوو مەسەلەدایە: یەکەم لە زیاد باوەربوونی بە زانسـت کـە ئـەوە لەتـەواوی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە هـەموو ئەندیشمەندانی تری جیی باسدا هەیە؛ دووەم لەوەی کـە پیـی وایـە کۆمەلگـە بـەبێ دەولـەت دەتوانـێ دریـژە بە ژیانی خۆی بدات.

لە قوتابخانەی شتیرنەردا، مەسەلەی رەسەنیتیی تاك بە موبالەغەیەکی سەرسورهینەرانە دەگاتو بەهای ئەو

موبالەغەیە رەنگە ئەوەبێت کە لە بەرامبەر کۆمۆنیزمدا- کە تاک لە بۆتەی کۆمەڵو تەنانەت لە چوارچێوەی حزبدا دەتوێنێتـــەوە- وەک زیادەڕۆییـــەک بخرێتـــە روو لە بەرامبەر زیادەڕۆییدا.

بەڵام لە فەلسەفەی پرۆدۆندا، مەسەلەگەلی هەمیشەیی زۆرن: ئامۆژگاریکردنی مارکس کـە لـە مامەلـە لەگـەل پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا "پشوو درێژیی و عەقلگەرایی" بگرێتـە بـەر، ئـەوەی کـە ئـەمرۆ پێـی دەگوترێـت "رەوابـوون"؛ هۆشـداریدان لـەوەی کـە قوتابخانـەی کۆمەڵایـەتی نەکرێتـە "مەزهـەب"؛ بایـەخدانو بەهـەند هەلگرتنی رای بەرامبەر؛ ئەوەی کە "پرسیار بـەکۆتایی نـەهاتوو" تەماشا بکـەین.. ئەمانـە برێتـین لـە دەرسـە رێنوێنییەکانی ئەو. بەڵام پرۆدۆن جگە لەوانەش چەند پرسـیکی تـری سـەرەکی دەخاتـە رووەوە کـە بەداخـەوە کەسێک نییە گوێ بیستیان بێت:

١-خاوەنداریتی بۆ هـەمووان ئـەو دروشمـە- کـە جاریکیش بـە "هەلـە" خرایـە بەرنامـەی کـاری حزبـی کۆمۆنیستی فەرەنسا، بەڵام زوو وەلانرا- زۆر دروستترە لە دروشمی "خاوەنداریتیی سۆسیالیستی"ی مارکس، لەبەر چەند هۆیەک:- لە خاوەنداریتیی سۆسیالیستیدا، کـەس خـاوەنی هیـچ شـتێک نییـەو ئـەوە لـەرووی

دەروونییەوە دەبیتە مایەی سستی و تەنبەلی وەك چۆن لە سەردەمی حکومەتی شورەویدا بینیمان. ئەوە راستە کە لە گوتاری فەرمیدا "خاوەنداریتیی سۆسیالیستی ئامرازەکانی بەرهەمهینان" نووسراوەو وا ناوی رۆیشتووە، بەلام دەستەواژەو عیبارەتی دوا بەشی ئەو دروشمە، لە کردەوەدا هیواش هیواش فەرامۆش بووەو دەبیت. هەر لە خودی ئامرازەکانی بەرهەمهینانیشدا ئەو تیبینییە تیبینییکی لەجیی خۆیەتی کە دەبینین بەریوەبەری کارخانەیەك، ئەرکدارو فەرمانبەریکی دەولەت بیت، یانی هەست بەخاوەنداریتی نەکات، لە کاروباری بەریوەبەریدا جیددیو توندو تۆل نابیت. زۆر نموونە هەن.

– لە خاوەنداریتیی سۆسیالیستیدا، دەولەتو بیرۆکراسی بەشیوەیەکی سەر سورهینەرانە پەرەدەستینن، وەك ئەوەی لە شورەوی بینیمانو تاقیکردنەوەیەکی تاڵ بوو.

– لەو میانەدا، یانی لە کاتیکدا کە دەولەت رۆژ دوای رۆژ زیاتر بەهیزو قەبە دەبیتو لەو رژیمەدا کە تاك هەست دەکات هەرکاریك بکات بەرهەمەکەی بۆ دەولەت دەبیّ، ئیدی حەزو ئارەزووی کارکردنو باوەربوون بە داهینانو دەستپیشخەری لەنیو دەچیت. بەواتایەکی تر

له وەها هەل‌و مەرجێکدا ئیدی تاکی مرۆڤ وەك "تاك" بوونی نییە تا بتوانێت شتێك بئاخزینێ.

٢-دەسەلاتگەریتیی رەوا- بناخەی کاری ئانارشیزم بریتییە لە ناکۆکیی تەواو لەگەڵ دەولەت. لەو قەلەمرەوەدا پەیگیرکردنی دەسەلاتی رەوا، زەمینەیەکی لەبارە بۆ زیاتر بایەخدان‌و رووکردنە دیموکراسی؛ ئەو قەلەمرەوەی کە مایەی ستایشکردنی "گۆدڤین"یشە.. بەلام بەداخەوە ئەو بابەتە گرنگە لەلایەن بیرمەندانی دواتری ئانارشیزمدا پشتگوێ دەخریت.

٣-دەست هەلگرتن لە شۆرش-(وەك ئامانج) شۆرش لە هەردوو قوتابخانەی ئانارشیزم و مارکسیزمدا سیمایەکی ئەفسانەییانەی هەیە.

هەلەی کۆمۆنیزم لەوەدایە کە شۆرش بە ئامانج دادەنێ و بنیاتنانی تیا بەدی دەکات. (پرۆدۆن) کە هەست بەو هەلەیە دەکات، بە راشکاوییەوە دەستهەلگرتنی خۆی لە شۆرش رادەگەیەنیت. (باکۆنین)یش، وەك چۆن بینیمان"ئامانجی هاوبەشی هەموو میللەت" و شۆر و حەماسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەلانی خەلك بە مەرجی سەرهەلدانی شۆرش دەزانی، کە لە دوادواییەکانی تەمەنیدا هەست دەکات ئەو دوو مەرجە لە میللەت و کۆمەلانی خەلکدا بەدی ناکرین، بە

راشـــكاوييەوە دەنووســـيت كـــە لـــە دەســـت"خـــەيال پلاوييەكانی رابردوو" رزگاری بووە.

لـە كاتيكدا كـە مـاركس لەبـەر ئـەوەی پـەيوەنديیكی بابـەتی و راســتەقينەی لەگـەڵ كۆمـەلانی خـەلكدا نييـەو تەمەنی خۆی لە نيـو پـەرتووكاندا دەباتـە سـەر، تا دەژی هــەر لــەنيو ئــەو خەيالــەدا دەمينيتــەوە و خـــەلكانيكی زۆريـــش لەگـــەڵ خۆيـــدا دەكيشـــيتە نيـــو ئـــەو وەهـــم و خەيال پلاوييەوە.

٤-بايـەخدان بـە نـاكۆكيی بـەردەوام- دۆزينـەوەيـەكی گرنگـی تـری پـرۆدۆن بريتييـە لـەوەی كـە نـاتوانريت ناكۆكيی سەرمايەداری لە نيو ببريت.

بـەلام ئـەوەی گۆدڤين و بەتايبـەت پـرۆدۆن و بـاكۆنين زۆر شـانازی پيوەدەكـەن ئەوەيـە كـە دەيانـەوێ ئـازاديی تاكەكەسی لەگەڵ دياريی سۆسياليزمدا گرێ بدەن و ئەو شتەی كە ئـەمرۆ هـەموو جيـهان(جگـە لـە چـين و چـەند ولاتيكی بچوكی‌تر) قبووليـان كـردووە، يەكـەمجار ئـەوان بيريـان لێ كردۆتـەوە و دواتـر پـەرەی سـەندووە و فـراوان بووە. جەختكردنەوە لەسەر سەرزەنشتكردنی دەسەلات و پيشبينيكردنی دەركـەوتنی چينيكی كۆمەلايـەتيی تـازە لـە سيسـتەمی كۆمۆنيســتی، يەكـەمجار لـە نووسـراوە ئانارشيستييەكاندا باسی ليوە دەكرێ و دەخريتە روو.

بەڵام ئەو بەڵایەی کە یەخەگیریی باکۆنین دەبێتەوە بەرەو ستایشکردنی شۆڕش و پێداهەڵدانی "وێرانکاری" و "رق وکینە"ی رادەکێشێت، دەبێتە مایەی مەرگ و لەڕێ لادانی ئانارشیزم.

"کرۆپۆتکین-kropotkine"، (١٨٤٢-١٩٢١) کە ئەویش وەکو باکۆنین کابرایەکی نەجیبزادە و ئەفسەری سوپای رووسە، دەست بە چالاکی دەکات.. دەچێتە نێو "نێو نەتەوەیی کرێکاران"ەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە باڵی مارکسیستەکانی تیادا سەر دەکەوێت، ئەو لێی جیا دەبێتەوە. دەیەوێ بناخەیەك بۆ "ئانارشیزمی زانستی" دابڕێژێت کە بێگومان لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نابێت.

لەوکاتەوە و دواتریش، ئانارشیزم رۆڵەیەکی ئەندێشمەند پێناگەیەنێت.. بۆیە لایەن و سیما پۆزەتیڤەکانی بە یەکجاری دەخرێتە پشتگوێ و ناشیرینترین روخساری، واتە لایەنی وێرانکارانەی زەق دەکرێتەوە و دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. وێرانکاری کار بەرەو تیرۆریزمی کوێرانە دەکشێنێ، بەشێوەیەك کە یەکێك لەوانە هەوڵ دەدات کە کەسێکی بێتوانای وەك (موزەفەرددین شا) لە سەفەری پاریسدا تیرۆر بکات

(کە سەر ناگرێت). ئەو چارە نووسە بەشێوەیەکی تر دامەنگیری مارکسیزمیش دەبێتەوە: ئەو کەمە بایەخدانەی مارکس بە ئازادی لەبیر دەکرێ. دادگەری- بنچینەی سۆسیالیزم- بەهۆی رەفتاری چەوتو نادروستەوە، شکەست دەخواو دەگۆڕێت بۆ دروستبوونی کەمینەیەکی خۆشگوزەرانو بالا دەستو زۆرینەی هەژارو بێدەرەتان. بەڵام لەجیاتی ئەمانە هەمووی، دیکتاتۆریەت رەهەندی ترسناك بەخۆوە دەگرێتو سەرەنجام کاتێك کە (چێ گیڤارا)ی ئامانجخواز، دەیەوێ ڤێتنامێکی تر لە ئەمریکای لاتینیدا بەرپا بکات، گروپی کۆمۆنیستیی (بادن ماینهوف) لەئەڵمانیا دەست بەتیرۆری تاکەکەسی دەکات.

* * *

ئانارشیزم دوای باکۆنین بە رێی خۆیدا دەڕواتو هیچ کاریگەریێکی راستەوخۆی بەسەر سۆسیالیزمەوە نییە. تەنها وەك چۆن رابورد، لە ساڵی ١٩٦٨ لە بزاڤی خوێندکاری (کە هەندێ لە بیریاران بە "کۆمۆنیزمی ئایدیالی" ناویان بردووە) لەگەڵ ئەو بزاڤە هاودەنگ دەبێ.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (اطلاعات سیاسی- اقتصادی)**

**ژمارە ١٦٥-١٦٦، لاپەڕە ٨٦ تا ١٠١، ٢٠٠١**

**پەراوێزەکان:**


1-Daniel Guerin. Idees , Paris, 1965.p14.

٢-جۆرج ڤۆدکۆك، ئانارشیزم، وەرگێڕانی هورمز عەبدوڵڵاهی.بلاوکردنەوەی معین، تاران، ساڵی ١٩٨٩. لاپەڕە ١٣.

٣-هەمان سەرچاوە ل١٧.

٤-هەمان سەرچاوە ل١٨.

٥-هەمان سەرچاوە ل٣٧.

6-Arvon.

7-H. Arvon. . ,Paris, 1951. P17.

٨-هەمان سەرچاوە. ل١٨.

٩-ویلیام گۆدڤین. بیرمەندو رۆماننووسی ئینگلیز.

١٠-ڤۆدکۆك. ل١١٨.

١١-هەمان سەرچاوە ل٨٠.

١٢-هەمان سەرچاوە ل٨١.

١٣-هەمان سەرچاوە ل٨٣.

١٤–هەمان سەرچاوە ل٩٠.
١٥–هەمان سەرچاوە ل٩٨.
١٦–هەمان سەرچاوە ل١٠٨.
١٧–هەمان سەرچاوە ل١٠٩.
١٨–هەمان سەرچاوە ل١١٦.
١٩–ئەنسیکلۆپیدیای لاروس.
٢٠–ماکس شتیرنەر، فەیلەسوفی ئەلمانی.
٢١–ئەنسیکلۆپیدیای لاروس.
٢٢–لە کتیبی دانییل گرن. ل ٣٣،٣٤.
٢٣–ئارڤۆن. ل٣١.
٢٤–هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.
٢٥–هەمان سەرچاوە. ل٣٦
٢٦–هەمان سەرچاوە. ل٣٧
٢٧–کتیبی (ڤۆدکۆک)ی ئاماژە بۆ کراو. ل١٣٥
٢٨–هەمان کتیب. ل١٣٥
٢٩–پییەر ژۆزیف پرۆدۆن.
٣٠–ڤۆدکۆك. ل٥٤
٣١–دانیل گرن. ل١٩٥
٣٢–ڤۆد کۆك، ل١٦٢، بە کەمیك دەستکاری لە سەرچاوە فەرەنسییەکەیەوە.
٣٣–هەمان سەرچاوە ل ١٦٣
٣٤–ئەنسیکلۆپیدیای لاروس.
٣٥–ئارڤۆن. ل٤٥
٣٦–دانیل گرن. ل٣٦
٣٧–میخائیل باکۆنین.

٣٨-ڤۆدکۆك. ل٢٩٩

٣٩-هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

٤٠-هەمان سەرچاوە. ل٢٣٠

٤١-وەرگیراو لەم کتێبەی خوارەوە:

**Bakounine. Choix de textes. Ed. J.J. Pauvert, paris. 1965.p,32**

لەبەرئـــەوەی وتـــەکانی لەمـــەودوای بـــاکۆنین لـــەم کتێبـــــەوە وەرگیراون، بۆیە تەنها ئاماژە بەلاپەرەکان دەکەین.

٤٢-ل٣٣

٤٣-ل٤٧

٤٤-ل١٢٧

٤٥-ل٢٤٠

٤٦-ل٢٤٠

٤٧-ل٢٤١

٤٨-ل٢٨٣

٤٩-ل٢٨٦

٥٠-ل٢٩٥

٥١-ل٣٢

٥٢-ل١٤٢

٥٣-ل٢٥٨

٥٤-ل١٧٢

٥٥-ل١٧٤

٥٦-ل١٧٨

٥٧-ل١٧٧

٥٨-ل٢٣٥

٥٩-ل٢٣٧

٦٠-ل٢٣٦

٦١-ل٢٥٦

٦٢-هەمان لاپەرە

٦٣-ل٢٦٦

٦٤-ل٢١٦

٦٥-ل١٥٠

٦٦-ل٢١٧

٦٧-لاپەرەکانی ١٤٧و١٤٨

٦٨-ل١٤٩

٦٩-هەمان لاپەرە

٧٠-ل١٦٦

٧١-ل٢٣٦

٧٢-هەمان لاپەرە

٧٣-ل٢٢٢

٧٤-ل٢٣٤

٧٥-لاپەرەکانی ١٦٥،١٦٦

٧٦-ل ٢٣٤

٧٧-ل ٢٣٠